

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها.

**ژمارە ـ دوو ـ ٢٨ی بەفرانبار ٢٧١٧**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

بیژەن ڕەحمانی
ساراقوربانی (هەوراز)
مریەم قازی
ناسر فەتحی
سارا سوڵتانی (بەهار)
شەرمین ساڵحی
هێمن ئەمینی
چالاک عەرەبی
کوردستان حاجبی
سوغرا ڕەزگەیی

**تیۆری:**

مریەم قازی

**چیرۆکی میوان:**

یوکابێد مامعەزیزی
بێهزاد قادری

**ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

RAWEZHISM

**چیرۆکەلە/ ژمارە-دوو**

## «پیتاندنی خۆشەویستی»



Karin Meyn

سـەری, سـەوداسـەری تەنیایی بوو و بە دڵ گۆرانی دڵداری دەخوێندەوە. لە مێشکی دا, بیرۆکەی کۆچێکی ناوادە پەنگی خواردبوو و لە دڵی دا, داوەتی بەیەک گەیشـتنێکی لێـڵ, دەگەڕا .ئاوابوونی خەم هێنەری هەتاو لە ڕۆژانی ساردی پایز دا, چەشـنی شـانۆیەک وابوو; کە پەردەکانی, نیشـاندەری خەماویترین دیمەنەکانی تراژێدیای ژیان بوون .لە وەها ئێوارەیەکی تەماوی دا, مەهەندیس لە دوایین وێسـتگەی شـار, دابەزی. هەوا بڕێک تاریک بوو. سـڵاوی لێکرد; جوان دەموچاوی لێ دیار نەبوو. یاڵڵایەکی لەگەڵ لێداوە و لەسـەر نزیکترین نیمکەتی سەرشەقام دانیشتن.

شۆقی چرای دارتێلەکە ڕاست لە ڕۆمەتی دۆستەکەی دابوو. خاڵێکی گەورەی بەقەد دەنکە نۆکێک, بەسەر لووتیەوە وەبەرچاوی کەوت. پێی جوان نەبوو!

گوتی: "نانۆ تێکنۆلۆژی"یت خوێندۆتەوە؟

گوتی: نان و چی چی؟! نا ئەوەم نەخوێندۆتەوە; بەڵام "نان و شەڕاب"م خوێندوتەوە!

گوتی: هیچ, هیچ, گرینگ نییە!

گوتی: ئەی تۆ لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ کام خاڵیت زۆر بەدڵە؟! کاکڵەکەییم بۆ باس دەکەی؟

گوتی: من بە یاسای پیتاندنی ئۆرانیۆم کەیف دەکەم! حەزم لە توێکڵە.

بەر لە ماڵئاوایی, وادەی گەڕانەوەی پێدا و بزەیەکی بەتەوسەوە پێشکەش کرد .ئەوەندەی چاو بەسەر وێنە ڕەش و سپییەکەی مەهەندیس دا گرتبوو; وێنەکەی لە چاوی دا چەقەرەی کردبوو. گۆڵە وەنەوشەکەی بەر پەنجەرەی وەتاغی نووسەر, بۆنی تاسەباری دابڕانی لێدەهات.

**بیژەن ڕەحمانی**

## «...قیست و هەوەس»

لەشارێک کە تەواوی چاوەڕوانیەکان چووەتە سەرێ، هەرکەس ماڵی خوی خۆش دەکا ئەگەر کەلو پەلی ماڵێت نەبێ کەس بەمرۆڤت دانانێت. لە قەراغ مەیدانێکی گەورەدا، دووکانێکی پر ڕەنگ و لەعاب، تەواوی پێ داویستی ماڵی مرۆڤی تێدابوو.

هەنگاو تازە ماڵی خۆی کردبوو، ماڵی خەزوری بە دەستی خاڵیەوە دەریان نا... هەنگاو بۆ ئەوەی تەواوی کەلوپەلی ماڵەوە بکرێ، بە دوکانی سمایلە سووریان ناساند. سمایلە سوور، کەس نایناسێ و کەس نازانێ خەڵکی چ شارێکە. دروستە پێی دەڵێن سماییلسوور، بەڵام ڕەش، ڕەشە،کەس نازانێ بۆ پێی دەڵێن سوور...

هەنگاو خاتوونێکی زۆر جوان و دڵ ڕفێنە، بۆ یەکەم جار چوو بۆ دوکانی سمایلە سوور، سڵاوی کرد:

ـ کاکە ئەمن تازە جودا بوومەتەوە، پێم خۆشە کەل وپەلی ماڵم تازە بێ...

سمایلە سوور پیاوێکی چاک نەبوو، چاوێکی لە هەنگاو کرد، کورسیێکی بۆ هێنا...

ـ فەرموو خاتوونی جوان دانیشە

هەنگاو بزەیەکی هات، بەڵام سمایلە سوور لەو بزەیە دەرفەتی خراپی وەرگرت...

ـ من ناوم هەنگاوە لە خیابانی جەمهوری دەژیم

ـ هیچ کێشەیەک نییە خاتوون، هەرچی دەتەوێ و پێویستتە هەڵگرە. من ڕێزم هەیە بۆ خاتوونێکی وەک تۆ

هەنگاو سایپاییێکی گرت، تەواوی کەلو پەلی برقی بە قیست کڕیی.. چوو بۆ ماڵەوە.

ـ هێژا وەرە چاو لێ کە ئەمڕۆ تەواوی وەسایلی بەرقیم بە قیست هێناوە..

ـ ئاخ، هەنگاو من هێشتا کارەکەم نەیگرتووە، دوایەش لە دەستەدو فرۆشی وەسایلم دیتووە، هەموو تازە تازە، تۆ بۆ خەرجی زیادیت کرد...

ـ هێژا ماڵ دەبی خۆش بێت ، هیچ نیە قیست دەدرێت...

**چیرۆکەلە/ ژمارە-دوو**



سەری مانگ کە هات، هێژا دەرامەدی وا نەبوو، هەنگاو چوو بۆ لای سمایلە سوور کوتی قیستەکانم بۆ نادرێت، سمایلە سوور دەستی لەسەر شانی هەنگاو دانا:

ـ هیچ نیە خاتوون تەسویە دەکەین..

ـ کاکە من دەڵێم پوولم نیە تۆ دەڵێی تەسویە دەکەین..

ـ دەی تۆ خاتوونێکی جوانی دەتوانی تەسویەی کەی...

ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ تو منت پێ سووکە؟

سمایلە سوور تورە بوو، گوتی ئێستا زەنگ بۆ پولیس لێ دەدم..

ـ هەنگاو تە واوی گیانی پڕ بوو لە ڕق و کینە...

تەیکێشێکی لێ بوو، ڕاست لەسەری سمایلە سووری دا، کوتی:

ئەی نامرۆڤ هەر خاتوونێک هات بۆ ئێرە تۆ بە سووکی دەزانی...

سەرو سیمایی سمایلە سوور پڕ بوو لە خێن.. پۆلیس هات، هەنگاوی برد تەعەهودیان پێ واژووکرد. چۆن شاهیدی نەبوو بۆ قسەکانی، سمایل سووریان ئازاد کرد. هەنگاو کاتێک لەخەیابان بیری لە قیستەکانی دەکردوە، چاوی بەفەرمێسک وەبیر قسەکانی هێژا هاتەوە..

هێژا بریا وەسایەلی دەستی دوومان کڕیبا...

**ساراقوربانی (هەوراز)**

## «سەیدەوان»



شایی یان شین؟! کێشە ئەوەیە !

لە ڕۆژی زەماوەنـــدەکەی دا, دڵـــی هێنـدەی کێـوی تەرەغە بـارگران بـوو. زێـڕی بـوکێنی هـاوژینەکەی و جـل و بەرگـــی شـــایی هەردووکیـــانی بە ئەمـانەت وەرگرتبـوو. تـازە ئەگەر لە بانـک وامـی وەرنەگرتبـا; ڕێوڕەسـمی ئـــاهەنگی زەماوەندەکەشـــی بـــۆ جێبەجـێ نەدەبـوو. مەرگـی خـۆی بە ئاوات دەخواست!

شـــەوی ئەو ڕۆژەی کە دەبـــوو, یەکەم قیسـتی بانـک تێکـاتەوە; تـا بەیـانی خەوی لـــێ نەکەوت! ســـەرۆکی لەخۆبـــایی بانـــک زۆر بە غەڕڕەیـــی یەوە پێـی کـوت: تـۆ کە حـاڵ و ڕۆژت ئەوەیە; بۆ چی ژنت دێنا؟!

دوایین قیســـتی بـانکی کە داوە; پـاش نیوەڕۆ دەبوو بچێ وەک کـارنـاس, مەزەنـدەی خـانووبەرەیەک بکـا کـە لەلایەن ئیـدارەی دادەوە پێی ئەســـپێردرابوو. قەبـاڵەی خانووبەرەکەیان وەک بارمتە, بۆ سەرۆکی پێشووی ئەو بانکەی وا وامەکەی لێوەرگرتبوو; دادەنا! دەیانکوت ســـەرۆکی بانک بەهۆی گەندەڵی و قەرز و قۆڵە نابوود بووە. حاڵ و ڕۆژی خۆش ببوو. ئازادی و گیرانی سەرۆکی بانک, بە واژۆی ئەو گرێ درابوو.

**بیژەن ڕەحمانی**

# «ئێمە هەموو یەکماڵین»

ئەو بانکەکانی خۆش نەدەویست و ئەوەش شتێکی سەمەرە نەبوو. سەری مانگ کە دادەهات دەبوو داهاتەکەی بیبڕێرێ و بەشێکی زۆری پێشکەشی بانکێ کا . بەڵام هەموو جارێ کە قیستێک تەواو دەبوو، خێزانی داوای شتێکی تازەی لێدەکرد . ئەوجارەش دەگەڵ دوامین قیستی داوە خێزانی دەستی پێکرد:

-دەبێ ریسیوێری ماهوارەکەمان بگۆڕی ئاغا گیان!

ـ چی؟؟؟ جا بۆ ئەوە چێتی خانم گیان!

ـ هیچی نیە بەڵام ئەگەر نەیگۆڕێ تازە فیلمەکانی جێم نابینینەوە ئاغا گیان!

-دەی جا ئەو باشتر عەزیزم. لە کۆڵ ئەو فیلمە بێتامانەش دەبینەوە خانم گیان!

ـ چی؟ فیلمی بێتامی چی، بەخودای بێتوو نەزانم ئومید گیان

ـ بەقوربانی بم

ـ چی بەسەر دێتەوە شێت هەر دەبم، ماڵە بابم و دەر و جیرانیش هەموو گۆڕیویانەتەوە ئاغا گیان!

کابرا دەر هەڵبوو و نەڕراندی:

-ئومید کێیە خانم گیان!

ـ شێت مەبە ئومید دۆستی دافنەیە لە فیلمی ئەوینی بە کرێ گیراودا. نازانی چەندە فیلمی چاکە ئاغا گیان!

ـ ئەمن ئەو کێبەرکێیەم پێناکرێ.... شێت بووم دەگەڵ قیست دانەوە، دنیاش خرابێ نایکرم خانم گیان!

ریسێوێر کرڕدرا و قیستێکی شەش مانگەی دیکە کەوتە سەر دەستی ئاغا گیان.

تەمای گرت تا کارێک بکا کە بە هەر جۆرێک بێ ئەو قیستانە لە کۆڵ خۆی کاتەوە و بیخاتە ئەستۆی خەزووری. لەبەر ئەوە ئێوارێ کە کەس لە ماڵێ نەبوو لە حەمامێ سەری پاک پاک تاشی و دوایەش بێ ئەوەی خێزانی ئاگادار کاتەوە سواری مینی بووس بوو و خودا نەبێ کەس نەیزانی چوو بۆ کوێ. ماوەیەک بەسەر چوو و هیچ وڵات نەما لێی نەگەڕێن بەڵام هەر دەتگوت بۆتە دڵۆپێک ئاو و لە عەرزی ڕۆچۆ. لەو نێوەدا خەزووری نێو نێوە

دەچوو و لەهەرچی بۆ ماڵێ پێویست با لەوپەڕی دەست و دڵئاواییدا دەیکڕی و بۆ کچ و نەوەکانی دادەنا، سەری مانگانیش قیستەکانی بۆ تێدەکردەوە. لەولاش را زاواکەی لە ئاواییەکی دوورە دەست خۆی بە نەخۆش و بێ کەس و پەنا ناساندبوو و دیوێکیان دابوویە و هەرکەسەش بە خێرا خۆی پارۆنانێکی بۆ دەبرد. لەو ماوەیە دا حەولی دەدا کە زۆر نەخوا و تەواو خۆی کز کرد. دوای شەش مانگان کە زانی دوامین قیستی دراوەتەوە ماڵئاوایی لە خەڵکی دێ کرد و کز و بزرکاو گەڕاوە شارەکەی. پێش ئەوەی بچێتەوە ماڵێ لە سەرتاشخانە دووبارە سەری تاشییەوە و لارە مل گەڕایەوە ماڵێ. تەواوی خزم و کەس و ماڵە خەزووران و دەر و جیران لێیهاڵان. خەزووری رووی تێکرد و فەرمووی:

-ڕۆڵە گیان بۆمان بگێڕەوە چت بەسەرهات؟ بۆ کوێ چووی؟ بۆ ئاوا هەمووڵایەکت بێ خەبەر هێشتەوە کوڕی خۆم؟

کابرا کوتی:

- جا چت عەرز کەم مامە گیان، وەڵڵاهی دڵم نەهات و لە ڕووم هەڵنەهات کەس ئاگادار کەمەوە، تووشی نەخۆشێکی سەخت هاتم و بۆ داو و دەرمان یەکسەر چوومە نەخۆشخانەی شارێکی دیکە. لەوێ کەس نەیدەناسیم و لە رووم هەڵدەهات لە سندوقی خێرات سەدەقەی دەرمان وەرگرم . ئەوە شەش مانگە دەرمان دەکەم و ئەورۆ کە برێک چاتر بووم بەرێیان کردوومەتەوە.

هەموو شـــوکری خودایان بە جێ هێنا. میوان لەوپەڕی ڕێزەوە پەزیرایی باشـــیان لێکرا و ڕۆیشتن و خەزووری ماوە و ژن و منداڵەکەی. خەزووری لێی چووە پێش و برێکی پووڵ لە توورەکەیەک دا بۆ وە بن سەری نا. کابرا کوتی:

ـــــ مامە گیان تۆ ئیمانت لەوەی زیاتر شـەرمەندە و رووڕەشم مەفەرموو دەزانم ئەو شـەش مانگە هەموو زەحمەتی ماڵ و منداڵم کەوتە ئەستۆی جەنابت.

دوایەش پڕی دایە دەستی خەزووری ماچ کرد.

خەزووری دەستی کشاندەوە و فەرمووی:



- ئەو قسانە چیە رۆڵە گیان. ئەرێ وەڵڵا لەو ماوەیەدا بووینەوە یەک ماڵ، هەرچی بۆ خۆمانم دەکرێ بۆ ئێرەشم کڕی و قیستەکانیشم هەمووی بۆ دایەوە شکور نەجاتیت هات. ئەو پووڵەش هیچ منەتی نیە و پاشماوەی پووڵی خانووەکەی خۆتە، بۆم فرۆشتی و ئەو کارانەم پێڕاپەڕاند. تا سێ مانگی دیکەش دەتوانی لێرە بمێنیوە. دەگەڵ کوڕی جیرانەکەشمان کە رەئیسی بانکە قسەم کردووە بەڵێنی داوە وامێکت بداتێ، ئەوەشی لەسەر دانێ و ئاپارتومانێکی چکۆلەی پێبکڕەوە. کابرا زانی چ پەندێکی وەسەر خۆی هێناوە دوو چەپۆکی بە خۆی دادا و کوتی:

- خانوەکەت لێفرۆشتم؟؟؟؟؟؟

- ئەی رولە گیان بۆخۆم تووکی سەرم قیستە لە چوار بانکان قەرزدارم ، چم کردبا؟

خێزانی چایەکی تازە لە پێش دانان و کوتی:

- هیچ نەقەوماوە ئەزقەزا لە مێژ بوو دەمەویست داوات لێبکەم ئەوخانووە بفرۆشی و ئاپارتومانێک بکرێ ماڵە نەسرینی رەفیقیشم وایان کردووە، ئەو ماڵانە مۆدیان نەماوە ئاغا گیان!

کابرا نەیدەزانی دەبێ بلێ چی؟ هەروا لەبەر خۆیەوە بە ناڵە ناڵ کوتی:

- یانی دەبێ بۆ چەن ساڵی دیکەش دەس بکەمەوە بەقیست دانەوە ؟ ئەی هاواااار بە دەستی خۆم چم کرد لە خۆم خانم گیان!!

ئیدی گوێی لە دوامین وتەی خەزووری نەبوو کە بەر لەوەی بڕوا فەرمووی:

- گەرنم ئازا کە کوڕم دوو قیستی خۆشم لەو پوڵەی تۆ داوەتەوە ئیشاڵڵا هەبوو دەدەمەوە دەنا ئەوە ماڵی من و تۆ هێشتا بەش نەکراوە!

**مریەم قازی**

## «قیستی گەدا»

بەرەبەری زستانی ساڵێکی تووش و ڕەش، حەمەڕەش لەسۆنگەی دەسوەشانی کوێرانەی سرووشت، ژن و منداڵەکەی لەدەست دەدات و، لە عەیبەتانە و لەبەر بێ بێژێویان پەڕیوەی شاران دەبێ. دوای ماوەیەک سەرپێوەنان و قوونەوەدەرکان، لە هەڵبجە سەر وەدەردێنێ. بەڵام لەوێ بەهۆی لاوازی و پەڕپووتی جەستە و ڕوخساری، کەس وەخۆی ناگرێ بۆ کارێ و، بەبێ ویستی خۆی گەدایی بۆ دەکەنە پیشە. وای لێدێ بەرێکەوت لەلای توونچی حەمامێک دەگیرسێتەوە و بەهیوای بەهارێ، بۆ ژیان تێهەڵدەبێتەوە. ڕۆژانە دەچێتە بازاڕ و بایی یەک-دوو کولێران گەدایی دەکات و، هەر بەڕێوە لووشیان دەدات و دەگەڕێتەوە کونە ڕەشی حەمامێ و، یارمەتیی توونچییەکە دەدات؛ ئەوەچییە لە سووچێکی ئاگردانی حەمامەکەی جێ خەوی پێداوە. بەیانییەک حەمەڕەش بەهۆی سەرماوسۆڵەوە، بۆ گەدایی ناچێتە نێو بازاڕ؛ بەڵکوو دەچێت، نزیکەو حەمامەکە لە دەرگای ماڵە دەوڵەمەندێک دەدات. نۆکەری ماڵە دەوڵەمەندەکە دەرگا لێ دەکاتەوە و، دەڵێ: "چێت دەوێ؟" ئەویش دەڵێ: "نانم دەوێ!" نۆکەرەش لەبەر وژەوژی باوباڕنی وادەزانێ حەمە دەڵێ: "خانمم دەوێ." هەر بۆیە دوای گاڵتە پێ کردنی، دەڵێ: " خانم لە حەمامە!" حەمەش گاڵتەی بۆ دەستێنێتەوە و دەڵێ: "خانم نا، نانم، دەوێ! خانم کوا ئی دەمنی دەوێ؟"!

دوای ئەوەی نۆکەرە دەزانێ خراپ لە حەمەڕەش تێگەیشتووە، بەدەم پێکەنین و لەسەر پشت تلانەوە دەچێ بڕە نان و پێخۆرێکی چاکی لە پرێسکەیەکدا بۆ دێنێ و دەیداتێ.

حەمەڕەش بە سپاسەوە پرێسکەکە وەردەگرێ و هەرکە نۆکەرە قاپیی دەرگای لەسەر پێوەدەدات، خانم کەوا لە حەمامێ ڕا گەڕابووەوە و وەک دۆڵمە خۆی دە پەڕووپاڵان هەڵپێچابوو، تێیهەڵدەنگوێ و ڕێک دڵی لەخۆدەبێتەوە. کاتێ هۆشی دەێتەوە سەرەخۆی و، خۆی لە ئامێزی حەمەدا دەبینێ، لەپڕ وەک ئەوەی جوزیان پێوەکردبێ، دەردەپەڕێ و حەمەی تێرجنێو دەکات؛ ئینجا کە دەزانێ حەمەڕەش یاریدەدەری توونچیی ئەو حەمامەیە وا ڕۆژانە تۆخی چووە هێندەی بچیەتێیە، ئەهوەن دەبێتەوە و دەڵێ: "سەرت دەقوڕێ نێی زەلام! وەڵایی وەمزانی شەوەی، داوەشێی هەی! هێندە لەبەر ئەو گەرما و دووکەڵی حەمامەی بووی، بەجارێک تواوییەتەوە، تroوسکاییت دە چرووچاویدا نەماوە هەی مردووت مرێ"!

حەمەڕەش هەوڵدەدات خانم لە چی و چۆنی مەسەلەکە تێبگەیەنێ و زیاتری هێور بکاتەوە. بەڵام خانم هەروا کە وەک خێوێکی عاجباتی لە حەمەڕەش دەڕوانێ و، هۆشی لە قسەکانی نابێ، لەپڕتاو بیرۆکەیەک خۆ بەدیوەخانی مێشکیدا دەکات و، دڵێ: "عەمتەری خودای بیبڕەوە باشە دەی، تۆ خۆت چی تا گوێ لێمکرتنت چ بێ! زراوت بردم دێو و درنج! دەبڕۆ

باشە لێ مەڕێسە، ئەما سبەینێش بێیەوە، ئەو دەمانە بێیەوە ها! درێنگتر نا، نانت دەدەمێ، کارێشم پێتە، دێیە ژووری"!

ڕۆژی دوایی حەمە دەچێتەوە و، خانم برێکی پێخۆڕ و شتوومەک پێدەدات و، کارێکی پێ ڕادەسپێرێ و، بەڵێنێکی پێ دەدات و لێی دەگەڕێ.

جا ئەوە بەرەبەری بەهارێکی بەپەلەیە. حەمەڕەش وەک نێریی دابەستەی لێ هاتووە. ئەویش بە نان و بەرگی خانم. دەستی لەبەر پشتوێنی ناوە و لەبەر دەرگای مزگەوتی ڕاوەستاوە و چاو لە دەستی دامەی گەنج و ئیختیاران دەکات.

منداڵێک خۆی دەگەیەنێتێ و دەڵێ: "کا حەمە بابم لە دووی ناردووی بێی سەربانمان بۆ باگردێن لێ دەی"!

حەمەش قۆڵنجێکی سەر و مل و پەنجەکانی دەشکێنێ و پیاوماقووڵانە دەڵێ: "کار ناکەم تازە، ڕۆڵە، برۆ بە بابت بڵێ حەمەڕەش ئیدی فت، چوو، بۆ کەس کار ناکات. دەڕۆم، ئەو ئاگری نەورۆزتان لەگەڵ دەکەمەوە و گەڕێکتان لەگەڵ هەڵدەپەڕم و، ماڵاوا، دەڕۆم"!

حەمە ڕەش لەگەڵ ئەوەی بەدڵ پێی خۆش نییە بڕوات و هەست دەکات ئۆگری ئەوێ بووە، بەڵام چاری نییە هەر دەبێ بڕوات؛ چوونکە نەمەککگیری خانم بووە. بە پارەی چەلێک حەمام و دەستێک جلی دەستەدووی ئەو بووە بە پیاوە بەقەدرەی حازری. بەوەندە و بە بوخچەیەک نان و پەنیری پەستەی، بەختی کراوە. جا هەر لەبەر هەندێ، وەکی بەڵێنی بە خانم دابوو، دەبێ بڕوات لە بەغدایە ئەمری وی بەجێ بێنێ و، بگەڕێتەوە پاداشتی خۆی بستێنێ.

حەمە ئاگریان لەگەڵ دەکاتەوە و گەڕە شایی خۆی لێ دەدا و، لێدەدا دەڕوا.

حەمەڕەش ئەوە ئێستا بەڕێوەیە. لە پاسێکی سلێمانی-بەغدایەدایە. لەبەرخۆیەوە دەڵێ: چۆنم لەخۆم تێکدا! باشە خۆ خانم چی وای بۆ نەکردووم، هەر دەستێک لیباسی دەستەدووی پێدام و پێخۆری حەفتەیەک و پارەی چەلێک حەمام! ئێستا ئیدی بۆ دەبێ ئەمن بۆ ئەوەندەی، بچم لە بەغدایە بۆ نەجاتی زاکیری برای، لەدەست ئەفەندی؛ خۆشم تێدابەرم؟! نا کوڕە سپڵە مەبە؛ بەخۆی دەڵێ! ئەوەنێ ئەوهەموو پارەیەشی پێداوی! دەی ئەوە لەبری کرێی ڕێگا و ئەوکارەی بەتەمام بۆی بکەم! ئەوە منەتی نییە! بەڵام خۆ بەڵێنێکی چاکی دیکەشی پێداوی سەگە! ئەوە حەمە بەخۆی دەڵێ. هەر لەبەر خۆیەوە دەڵێ: "قسەی من ئەو سێ مانگە زستانەی ڕابردە، بۆخۆم بە شان و پیلی خۆم نان و دۆم پەیدا کردووە و ڕەنگی بەشەرانم لەخۆم گەڕاندووەتەوە، ئیدی ئەوەی بەو چی؟! بەوەندەی بۆ دەبێ نەمەککگیر بم؟!" لەولاوە بەرپرچی خۆی دەداتەوە و دەڵێ: "ئاخر ئەگەر حەمام و پێخۆر و لیباسی ئەوێ ڕۆژێی خانم

نەبوایە، خەڵک هەر وەک گەدا سەیریان دەکردی خوێڕی، نابووت، هیچ، قوڕبەسەر! کوا، وا نەبوایە کەس کاری پێ دەدای؟ "!

دیسان لەخۆی هەڵدەپێچێتەوە و دەڵێ: "واشە خۆ، ئەما ئەوەندە بۆ ئەوەی دەبێ پیاو خۆی بۆ بەکوشت بدات؟ "

مستێک لە سینگی خۆی ڕادەکێشێ و و دەڵێ: "بۆ بەکوشت دەچی؟ تۆ بۆ ئەوەندە ترسەنۆکی ڕۆڵە؟ خۆ تۆ بەتەمای مانێ نەبووی، ئێستا مانێ لە چی دەگری گۆڕت.. خودایە تۆبە! خۆ کارێکی هێندە گرانی خۆ پێ نەسپاردووی خۆ ئەخە"!!!

حەمە ڕەش دەگاتە بەغدا. دەچێ دووکانی ئەفەندی دەبینێتەوە. لەگەڵ حەسەن ناوێکی کوردی ئەودیو نێوانی خۆش دەکات. ئەوە زاکیریشی هەر لەژێرچاوەدێریان ناوە. حەسەن کاتبی ئەفەندی دەبێ و کوڕێکی بێ منەت و چاوکراوە دەبێ. سەرەتا دەیەوێ حەسن بکڕێ و کارەکەی خانم بەو ڕاپەڕێنێ و خۆی تووشی گۆنگەڵ نەکات، بەڵام دوایی کە دەزانێ حەسەن ماڵی ئەو قسانە نییە بکڕدرێ، لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە هێندە کاریگەریی لەسەر حەمە دادەنێ کە حەمە تەواو دەبێ بە مرۆڤێکی دیکە.

"زاکیری برام، بە سەڵتی لە بەغدایە تەنزیمی حیزب دەبێ، ئەفەندی کە پیاوی حوکمەت دەبێ، دەست بەسەر زانیاری و وەرەقەکانی حیزب دا دەگرێ، وا بەدەست زاکیرەوە بووون؛ ئیتر ئەو کاغەز و شتانەی حیزبی لێ دەکات بە بەڵگە و لەلای خۆی ڕایدەگرێ و زاکیر دەکات بە دیلی خۆی. ئێستا گوایە زاکیر ژن و منداڵیشی هەیە، ئەوە چەند ساڵە بەخۆڕایی کار بۆ ئەفەندی دەکات، نازانم ئەو ژن و منداڵە ماڵوێرانەی چۆن دەژێنێ؟ ئەوهەموو هەواڵیشمان لێ ڕاسپاردووە، دەڵێین هەڵێ، خۆ ئەفەندی وەدووت ناکەوێ بۆ کوردستان، هەر نازانم بۆ بەقسەمان ناکات. تۆ بڕۆ ئەو وەرەق و بەڵگانە لە قاسەکەی ئەفەندی بدزە و بیهێنە بۆ من، شەرت بێ بەشەرتی کونی شەرتی، کلیلی ئەو حەمامەت بدەمێیە کەوا ئێستا حەمباڵیی تێدا دەکەی!" حەمە ئەو قسانەی خانمی هەزار جار بۆخۆی دووبارە کردبووەوە. جارێک بە حینجە دەگوتنەوە، جارێک بە گۆرانی، جارێک بە وتاری حیماسی، جارێک بە... هەرجارە و بە جۆرێک؛ ئاخر هەستی دەکرد ئەم قسانە شتێکیان تێدایە کە ئەو لێی تێ ناکات. کوێی ئەو قسانە شتی نامۆی تێدابوو؟ مەتەڵەکەی چییە وا حەمەڕەش پێی هەڵنایە؟

ئاخرییەکەی حەمەڕەش، زاکیر و ژن و منداڵەکەی، بە دزینی بەڵگەکانی حیزب لە سندووقی پارەکانی ئەفەندی ڕزگار دەکات و، دەگەڕێتەوە هەڵەبجە و کلیکەی وەردەگرێ و بۆخۆی دەبێتە خاوەن حەمااااااام .

تەوااااااو .

**چیرۆکەلە/ ژمارە-دوو**

ئەوەش قیستێکی دیکەی من بۆ ئەو سامانەی کە دنیای ئەدەبی کوردی پێیداوم!

**تێبینی: ئەم چیرۆکە بە هەوێنی دوو چیرۆکی سەرەتای کتێبی "پێکەنینی گەدا"ی حەسەنی قزڵجی نووسراوە.**

**ناسر فەتحی**



Oswaldo Guayasamin

# «کۆچ لە ژیانی مۆدێڕن»

ماوەی ١٠ ڕۆژ بوو تەلەفونەکە لە مەودای سێ چوار کاتژمێران دا زەنگی لێدەدا و ژنە و پیاوە بوێری و بەرپرسیارەتی ئەوەندەیان نەبوو لەگەڵ کەسانی پشت تلێفونەکە بەرەوڕوو ببنەوە...

بڕیاریان دا تەلەفونەکەیان بە سیستمی پەیامگیر موجەهەز بکەن و کەمتا کورتێک ڕژدی و تووڕەیێتی کەسانی پشت تەلەفونەکە ببیسن و بە پێی بەرئاوەردیان ،بیانخەنە سەرەتای ڕیزبەندی ئەو فرۆشیارانەی کە پێیان قەرزدارن و زووتر لە خەجاڵەتیان بێنە دەرێ....

دوای بیستنی هەموو تەلەفونەکان کەوتنە مشتوومڕ و تەگبیران...

بەرئاوەردیان کرد تا سێ ساڵی دی قیستی ماشێنەکەیان و تا شەش ساڵی دی وامی زەماوەندیان و تا ساڵێکی دی قیستی دوو سێ ئامرازی کارەباییێکەیان کۆتایی نایە..

ژنە کە هەر حەبەسابوو و چاوی لە کاغەزوو حیسابەکان دەکرد و جار جار چاوێکی لە هاوسەرەکەی دەکرد و ئەویش دەتکووت دوعایان لێخوێندووە مرتەقی لەخۆی بڕیبوو و چاوی لە فاکتۆڕ و کاغەزەکان هەڵنەدەگرت و هۆشی سووتووی جگەرەکەی نەبوو کەوتە سەر ڕاخەڕەکەو بە قەد خاڵێکی هەڵیقرچاند و شوێنداری کرد و ژنە بە نێوچاوان گرژی و بۆڵە بۆڵ گوتی هۆشت لە کوێیە یەستا قیستەکەی تەواو نەبووە مۆرت پێوە نا هەر وایگووتوو بۆ چرووکێک لە چێشتخانەکەوە هات و هەردووک هەستیان پێکرد و یێکپێ بڵیند بوون و خۆیان گەیاندە چێشتخانەوە و پیاوە بە پەلەپەل دووشاخەی سەماوەرەکەی لە پریزەکە کێشا دەرێ و کەوتە پارچەیێک لەوێ بوو دەستی دایە و خێرا لەسەر سینکی قابشووشتنەکەی دانا و بە خێزانی کووت بۆ ئاوت تێنەکردووە یەستا قیستەکەی تواو نەبووە سووتاندت و بە بۆڵەبۆڵ ڕۆیشتەوە بۆ هاڵ کە لەناکاو هاواری ژنە بڵیند بوو و کووتی یەستا دوو ڕۆژ نابێ بە قیست لەکن بەزازی هێناومەتەوە لێت سووتاندم...

تەلەفونەکە زەنگی خوارد و پیاوێکی دەنگ بۆڕی زمانشڕ کووتی کرێی ئەو چوار مانگە نەهێنن سڕوو سیپاڵوو بۆ فرێدەدەمە دەرێ ...

وە زاڵە هاتبوون و هیچ ڕێ چارەیێکیان نەدەدۆزیەوە...

پیاوە کووتی کابرا نەیبێ دەبێ کەم بخوا و کورت دانیشێ.

ژنە بە هاوسەرەکەی کوت ئێستە دەڵێی چبکەین؟



پیاوە لە ژنەی ڕانەدەدیت ئەوەی لە مێشکی دایە بیدرکێنێ بەڵام دەبوایە هەرچی زووتر لەو قەرقەشە خۆ دەرباز کەن هەر بۆیە بەرلەوەی ڕێگا چارەی خۆی بدرکێنێ چاوێکی لە ژنە کردوو و کووتی تۆ دەڵێی چبکەین؟ ئەوە عەرزی خوڵامان لێ بۆتە کونە مشک هەر دوو هەنگاوەی کە لە شەقام تێدەپەڕین تووشی یەکێ لە فرۆشیارەکان دەبین و خۆیان لێ گێژ دەکەین ئەو حاڵە بەو حاڵە ناشێ ، بۆشمان نادرێتەوە،ئەو کارەشم جێی متمانە نیە و پارەی نادەن و بێگاریمان پێ دەکەن بەو حاڵەوە و بەو هەموو قەرزووقۆڵە لەوانەیە تووشی بەندیخانەش بین، دەڵێی چبکەین؟

ژنە کە لە هاوسەرەکەی زیاتر هەستی بە شڵەژاوی ئابوری ژیانیان دەکرد بە هاوسەرەکەی کووت نازانم تۆ چۆنت پێ باشە وادەکەین. پیاوە کە چاوەڕێ و ئاواتە خوازی ئەو پرسیارە بوو لە خێزانی بە دڵێکی ئەرخەیان، کۆچکردنیان بۆ گوندێکی دوورەدەست بۆ ماوەیێکی کاتی بە خێزانی پێشنیار کرد....

**سارا سوڵتانی (بەهار)**

## ڕستە چیرۆکی: «ژیانی قیستی»

حەزی نەدەکرد قیستی کۆتایی لە قیستە حەوت بڕگەییێکەی ژیان دا تێکاتەوە.

**سارا سوڵتانی (بەهار)**



Catherine Jeltes

# «واسیتە»

ماڵەکە بە سەر تەپۆلکەیەکەوە بوو، تا دەگەیشتیتە سەرەوە دەبوایە لە سەد پلیکانەی داڕووخاوی کۆن و چەند کۆڵانێکی پێچاو پێچ تێپەڕیتایە. لە دوای گەڕانێکی زۆر تازە ئەو خانووەیان بۆ کرێ دەسکەوتبوو، بەڵام ژووری نووستنی نەبوو و تەنیا لە هاڵێک و چێشتخانە و حەوشێکی بچووک پێک هاتبوو.مەستەرا و حەمامەکەیشی هەر لە سووچێکی حەوشەکە بوو.

پیاوەکە گرێبەستی یەک ساڵەی لە گەڵ شارەداری بۆ ئاویاری پارکەکان، کۆتایی پێ هاتبوو و ئەو نیمچە ئیشەی کە بەهەزار واسیتە دەستی کەوتبوو، لە دەستی دابوو.

ژنەکەی سی و پێنج ساڵی تەمەن دەبوو بەڵام دەتکوت ژنێکی پەنجا ساڵەیە و دەم و چاوی سیبایی ڕەشی دەردابوو، تەنیا نەداری بەو ڕۆژەی نەگایاندبوو زەلیلی دەستی مێردە غەددارەکەیشی بوو.

پیاوەکە جگەرەیەکی بە لادەمیەوە نابوو و ماڵەکەی بە دووکەڵ قانگ دابوو.

ڕۆژین کچە گەورەکەی کە چواردەساڵی تەمەن بوو،مانگێک دەبوو کە نەگەڕابووۆ قوتابخانە، لە بەردەم باوکیا دانیشتبوو، فرمێسکەکانی یەک لە دوای یەک ئەهاتنە خوارەوە و بەدەنگێکی لەرزۆک وتی:

- بابە توخوا لێت ئەپاڕێمەوە، من شوو ناکەم بەو کوڕە مەلا.

بابی دووکەڵەکەی بە سەر و چاویدا کرد و نێوچاوی لێکدا بەیەکا.

- بابە توخوا با دەرسەکەم بخوێنم، و بگەڕێمەوە قوتابخانە

- وووووسسس مەگەر چییەتی ئەو کوڕە ها؟کوڕ خاس و ڕوولەخوا. مەلا باقی باوکیشی ئەیوت: ئەو کوڕەم سەری بچێ نوێژی ناچێ.شوکوور تیکەیە نانیشیان هەیە ئیتر چیت گەرەکە ڕۆژین؟وەڵاهی کەوشەکانیشیان ماچ ئەکەم و نۆکەریشیان ئەکەم، وتوومە سبەی شەو یەن بۆ مارەکردن، چەنەبازی مەکە.

- بابە بە خوا خۆم ئەکوژم و شووی پێ ناکەم

بابی سیگارەکەی بە قەراخ دیوارەکە کوژاندەوە و کوتی:

- کورە گوو ئەخۆی کچەتیووی قاحبە، وسکەو لێوە نەیەت،ئەگینا تەڵاقم کەوتبێ خۆم وەکوو سەگ ئەوتۆپێنم.

کچەکە بێدەنگ بوو و وردە وردە تا چێشتخانەکە ڕۆشتە دواوە.

منداڵەکانیتریش هەموو لە سووچێکی هاڵەکەوە ترنجابوونە یەک.

پیاوەکە ژنەکەی بانگ کردە حەوشەکە و کوتی: مەلا باقی وتی لەم ڕۆژانا "قەرزی بانک"وامەکەمان پێ ئەدەن، و منیش دائەمەرزێنێت لای خۆیا و ئەتوانم قیستەکانی بدەمۆ .


بەڵام بەشکم ناز و گووز ئەم کچە ببڕی، پێی بڵێ لەو کوڕە لالووت نەبێ، ئەگینا بەشەرەفم ناهێڵم بەسەر دنیاوە بگەڕێ...

ـ ئاخر پیاوەکە کچەکەمان مناڵە هێشتا، ئەو مەلاباقیشە بەخوا خەڵک ئەڵێن...

ـ خەڵک خەڵکم بۆ مەکە، خەڵک چی ئەڵێ با بڵێ، کابرا دەسی ئەڕوات، ئەو نەبێ تا مردن قنگ بەم ئەبێ هەر لەو کونەگورەگا بژین...

لەو قسانەدا بوون کە قیژە بەرز بوویەوە، ڕۆژین لە نێوەڕاستی چێشتخانەکە کەوتبوو.

شەرمین ساڵحی



چیرۆکەلە/ ژمارە-دوو

## «یارانە»

-قوربانی ئەو عەقڵەت بم! باشە؟!

-بۆ؟!

-ئەی مەگەر پێتم نەوت یارانەکەم داناوە بۆ پووڵی نانەکەمان! ئەی ئێسە چیبکەین بۆ داناوەی قەرزەکەی باوکت!

-چوزانم. ئەح... ئەم کارتی سادرات و مللییە گووە هەر لە یەک ئەچن .


-خوا عافووی کا باوکت نە سەوادی بوو و نە هیچ گشت ئەو شتانەیشی ئەزانی.

-کورە تووخوا باسی باوکم مەکە! مردوویشە نەجاتمان نابێ بە دەس قەرز و قۆڵەکەی! باوک و دایکی خەڵک چوار و پەنج مناڵیان بووە. ئێسە منی بەوبەختیش...

-ڕۆڵە ناشوکری مەکە! چوار پەنج مناڵمان بووایێ ئەشێ ئایسە هەر چەنێکمان بەیەکۆ دەرهێنایێ بماندایێ بە خەرجی خووشک و براکا چکۆلەکانت.


-دەی بەز نەبوو یارانەکەمان زۆرتر ئەبوو!

هێمن ئەمینی



# «هیچ کەس ناوێرێ»

ئەوە ناوی کتێبێک بوو کە ناوی نووسەرەکەی زۆر بەلامەوە گرینگ نەبوو! نازانم بۆ، رەنگبێ لەبەر هێندێ رووداوی تر بێ کە بە جۆرێک پەیوەندی بە کتێبەکەوە هەبوو تا رادەیەک کە تەنانەت ناوەرۆکی کتێبەکەش هەر کەوتە ژێر کاریگەری ئەم رووداوانە بە چەشنێک کە ئەوێ رۆژێ دیسان دوای ئەو هەمووە ساڵە کە کتێبەکەم لە نێو کۆنە رۆژنامە و دەستنووسەکانی بابم دا دۆزییەوە ، هەموو شتەکانی ئەو سەردەمەم وەبیر هاتەوە جگە لە ناوەرۆکی کتێبەکە کە بابم چەند جاران لە کاتی خوێندنەوە دا لە کن مامەکانم ئاماژەی پێکردبوو. کە دەستم دایە برووسکەیەک لە راڕەوە تاریک و هەزار تۆیەکانی زەینمدا بیرەوەرییەکانی زۆر دووری منی رووناک داگیرساند و گەڕاندمێوە ٣٥ ساڵ لەمەوبەر! دوو وێنەی رەش و سپی بنەمالەییش ئیتر تەواو یارمەتی ئەم گەڕانەوەیان پێدام: دایە خانم و باپیرم لە حەسارێ لە سەر سەندەڵی دانیشتبوون و بە دەیان نەوە و نەتیجە دەورەمان دابوون. چەند جاری پێداهاتمەوە تا خۆم ناسییەوە، منداڵێکی ٩ ساڵانەی سەرقژنی خوێن شیرن بە کراسێکی چیتی کۆنی گوڵ ورد کە داوێنی چین درابوو و هەتا خوار چۆک درێژ بوو و بە شێوەی هۆنەر پیشە هیندێەکانی ئەو سەردەمە قامکی ئیشارەی دەستی راستم لە سەر کوڵمەم دانابوو، دەستی راستی باپیرم لەسەر گۆچانەکەی و دەستەکەی دیکەی لە سەر شانی من دانابوو. با ئەوەش بڵێم لەوسەردەمانەدا تەنیا بە موناسیبەتێکی تایبەت وێنەگرێکی حیرفەییان دێنا و وێنە هەڵدەگیرانەوە و وەک ئێستا دووربین بۆ بن ...وەگەڕ نەدەخسترا . لە پشت ئەم وێنەیەش نووسرابوو: میوانداری ئازادبوونی ئەحمەد و منتەقیم لە زیندانی قەسری تاران ، ساڵی ١٣٤٧/٧/٢. وێنەکەی تر گۆرانی بێژ و دەستە و دەیارەکەی بوو کە لە نێو میوانەکان دانیشتبوون و خەریکبوو گۆرانی دەگووت و بابم بە کۆت و شڵوار وگراواتێکی پانەوە وێرای میوانەکان لە تەنیشتی دانیشتبوون ولە پشت ئەم وێنەیە نوسرابوو: مامڵێ، کاکە رەحمان، سەید رەحیم جەعفەری، عەزیز شاروخ، هاشم کەریمی ، ئەحمەد و منتەقیم و قاسم و جەعفەر...کە لە پشت ئەم وێنەیەش هەر هەمان رێکەوت نوسرابوو.



Nasir Fethî

هەر لەو ڕۆژانە دا بوو کە ڕۆژێک بابم هاتەوە و بە پێی عادەتی هەمیشەیی خۆی دوو کتێبی کریبوو ، «هیچ کەس ناوێرێ» ناوی یەکێک لە کتێبەکان و ئارمی CIAو وێنەی پڵینگێک لە روبەڕوو را لە سەر زەمینەیەکی سوور، رووبەرگی کتێبەکە بوو. من ئەو سەردەم نەمزانی بۆچی ناوی کتێبەکە ئەوە بوو بەڵام ئەو شتەی سەرەنجی منی بۆ لای ئەو راکێشا کێشەیەکی هاوبەش بوو کە لە نێوان خۆم و ناوی کتێبدا هەستم پێکردبوو ، واتە منیش نەمدەوێرا چۆن بەبابم بڵێم کە ٧ تەژدیدم هێناوەتەوە! خوێندنەوەی کتێبەکە لەلایەن بابمەوە هاوکات دەگەڵ دڵەراوکەی من دەچووە پێش من چاوەڕوانی دەرفەتێک کە بەهەرجۆرێک بێ رایگەێنم و نەجاتیم بێ. ڕۆژێک هەرواکە چاوم لە بابم بوو کە لە سەر دۆشەگەڵەکەی پاڵی وەدوو سەنیر دابوو و خەریکی خوێندنەوە بوو ، دەگەڵ دەستی بۆ چایەکەی برد لێم پرسی:

-بابە ! بۆ چی کەس ناوێرێ؟

-هەموو کەس دەبێ بوێرێ ، ترس بێمانایە!

-ئەی بۆچی وا نوسراوە؟

-ئەوە چ نییە ، ئەزقەزا ئەو کتێبەش هەرباسی وەیە کە دەگەڵ هەموو هەڕەشەیەک کە بۆی هەیە ئیتر کەس نەوێرێ، مرۆڤی لێهاتوو دەرفەتی پێویست دەخوازێتەوە و کاری خۆی دەکا...

-میرزا دەست هەڵناگری بەخودا، هەر ئەوکچانە ماوە تووشیان کەن!

دایکم بوو کە ئاماژەی بە هات وچۆی بێبڕانەوەی ساواک و گیرانی مام و ئامۆزاکانم دەکرد و هێشتا ئارەقەی میوانداری ئازادبوونی مامە کانمی لێ ئیشک نەبۆوە:

-هەستە کچم بەخودای وایە کەس ناوێرێ!

بەڵام لەودەمەدا ئەو وتەیەی دایکم بۆ من بێکەڵک بوو ، دەگەڵ بابم تێدابووم و دەبوو منیش دەرفەتێک بخوازمەوە...و هەر بەزۆوە بۆم هەڵکەوت و رێک ئەودەمەی بابم و دایکم بارگە و بنەی سەفەرییان تێکەوە پێچابووو خەریکبوو ماڵئاواییان دەکرد و ئێمە لە بەرابەرییان رێچکەمان بەستبوو کە بریاڕ نەبوو هیچکاممان بەرن ، بە پەلە گوتم:

-بابە ٧ تەژدیدم هێناوەتەوە!

بابم بێدەنگ بوو و چاوێکی لە دایکم کرد، منداڵەکانی دیکەش کە دیتیان هەلێتی و بابم لە هەل و مەرجێکدانییە کە تووڕە بێ یەک یەک و دوو هەڵیان دا:

-ئەمنیش ٢ دانە

-ئەمن ٣ دانە

-ئەمن هەر یەکدانە! ( برا چکۆلەکەم بوو کە پێدەچوو چاوەڕوانی خەڵاتیشی هەبێ!)

-ئەمن تەژدیدم نییە و مەعدەلم ١٠ هاتوتەوە!

سەرجەم ١٤ تەژدیدمان بۆ بژارد و یەکیشمان رەد ببۆوە! هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا و ئیتر زۆرم بیر لە وە نەکردەوە کە بۆ کتێبەکانم چ بکەم کە هەمووانم دوای ئیمتحانات بە شەقان دڕاندبوون! ئیتر دوای ئەم سەرکەوتنە بوو کە هەرکات گرفتێک بۆ خۆم و ئەوانی تر ساز دەبوو کتێبی «هیچ کەس ناوێرێ» وەبیرم دەهاتەوە بۆ وێنە ئەودەم کە جەنازەی دووکەسییان بە نێو شاردا گێڕا و دایکم بۆیان گریا، زانیم کە ئەوانەش خۆیان لە کارێک داوە کە کەس ناوێرێ! یان ئەو رۆژەی کە وێڕای هاوکلاسییەکان رەدیفیان کردبووین و لەبەر وەی کە یەکێک وێرابووی مۆزەکەی لێهەڵگرێ بە نۆرە بە خەتکێش لە بەری دەستییان ڕادەکێشاین، دەگەڵ وە کە دەمانزانی کاری کێیە دەنگمان نەکرد تەنانەت دوایە وێرامان بە تۆڵەی ئەم غەدرەی لێیان کردین لە مستەراحی قوتابخانە لێدانێکی باش لە کچی شارەدار دەینەوە و ئیتر خوداو و راستان قەت نەیوێرا مۆز بێنێتەوە و لەبەر چاوی منداڵە برسییەکان قەپاڵی پێداگرێ. ئەودەم کە تاق و لۆق ماشێن هەبوو و هەموو رۆژێ بۆ هاتنە خواری بە ناز و نووزی کچی شارەدار لە پاترۆڵێکی ڕەش رێچکەمان دەبەست هیچکات بیرمان لەوە نەکردبۆوە کە رۆژێک بێ و بە مست و پێلاقە هیچ گیانی نەهێڵین ، ئەوانەشم هەمووی لە بەرەکەتی نێوی ئەو کتێبە دەزانی!! ئەو کتێبە هەروا لە سەر تاقەکان و بەردەستان دەهات

و دەچوو و دەتوانم بڵێم یەکێک لە کاریگەرترین رستەکانی تەمەنم بوو بە تایبەت ئەودەم کە دوو ئامۆزای خوێندکاری دیکەمان هاورێی تاقمێک لە هاوشارییەکانیان بوونە ئەندامی رێکخراوەیەکی دژ بە دەسەڵاتی شای ئێران و دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر هەر کام بە ١٢ساڵ زیندان مەحکووم کران زۆرتر هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە مرۆڤ هیچ چارەیەکی جگە لە بوێری نییە و دیسان دەتوانم بڵێم یەکێک لە خۆشترین کاتەکانی تەمەنی گەنجیم ساڵی٥٦ بوو کە بۆ داشداری لە زیندانیانی سیاسی رۆژنامەیەکی دیواریمان لە پانێلی دەبیرستان هەڵاوەسی و بۆ ئەوەی ساواک دەستی پێمان ڕانەگا هەر شەوەکی بابم و دوو مامم بۆ دوورەدەست ترین و جوانترین ئاوایی یەکێ لە خزمەکانمان وێرای چوار هاوشاری و دوو خوشکەکانم رایان گوێزتین ، رۆژ نەبوو لە لایەن زیندانییەکانەوە پەیوەندی مان دەگەڵ نەگرن و شەو نەبوو بە نووسینی رۆژنامەی دیواری بەسەر نەچێ...ئەو دەمەش کە هاورێی تەواوی خەڵکی شار بە باوەشێک گوڵی وەحشی بەرەو پیری زیندانیەکان دەچووین لە نێو جمەی جەماوەردا ئامۆزاکانم لێ ون بوو تا لێیان پرسم لە زیندانڕا چۆنییان شوێنی ئێمە لە دوورەدەسترین ئاوایی را دۆزیبۆوە؟؟...

کتێبەکەم لە بابم وەرگرت و هێنامەوە ماڵێ، ورد خوێندمەوە ، ناوەرۆکی کتێبەکەش هەرباسی وەبوو کە «هیچ کەس ناوێرێ» رستەیەکی بێمانایە و دەستکردی دەسەڵاتدارەکانە و لە کۆتایی کتێبەکەش دا نوسرابوو بە هۆی تێرۆڕ کرانی سەرۆک کۆماری ئامریکا ئاڵای وڵاتانی سەرتاسەری جیهان بۆ ماوەی سێ رۆژ بە نیوە هەڵکراوەیی راگیران و من بیرم لە ئاڵایەک کردەوە کە هێشتا هەڵنەکرابوو. کچە چکۆلەکەم چاوێکی لە ناوی کتێبەکە و چاوێکی لە خۆم بوو کە لەسەر موبڵەکە پاڵم دابۆوە و دەم خوێندەوە ، کە دەستم برد بۆ چایەکەم گوتی:

-جا پڵینگ کوا بۆ ترس دەبێ هێشتا ئەگەر کەر با شتێک!!

-کەر؟؟!! دەزانی خۆت لە کەرێتی نەدەی ! ئەوەلەوسەرڕا دێمەوە چت کردووە بیلێ و خۆت نەجات دە !بڕێکی مینگاند و گوتی....



**مریەم قازی**

## «ڕەوتەنییەک و ڕەوتی ژیانی»

ماوەیەک لەمەوبەر بۆ چەند خولەک لەگەڵ ڕەوتەنییەک ئاشنا بووم. ڕووپەڕێکی نوێی لە دەروونمدا هەڵداوە! باســـی خۆی بۆ کردم کە چلۆن بوو، جیلوەی جوانییەکانی لە خۆیدا دیتەوە و دنەیدا پتر گەرای ئەو جوانییانە لە دەروونیدا بپرژێنێ. بۆی باس کردم؛ وتی: ڕۆژێکیان پتر لە دوو کاتژمێر چاوم بڕیبۆ نەخشی گوڵی سەر چادانێک کە لەسەر سۆبەم دانابوو، بۆ ئەوەی بێتە جۆش، بیرم لە جوانییەکانی ئەو گوڵە دەکردەوە کە بۆ دەبێ من ئەو گوڵەم پێ جوان بێت و گوڵێکی دیکە یان چادانێکی دیکەم پێجوان نەبێ !

ئەو قسەیەی بەلامەوە سەیر بوو، درێژەی دایە.

کوتی: ئەوجار لە شەقام و بازاڕ و لە هەموو شوێنێک بە وردی دەمڕوانییە ئەو جیاوازییە، کە ئولگووی من بوو بۆ جوانییەکان. چ شتێک هەیە کە سەرنجی من ڕادەکێشێ؟ بۆ نابێ شتێکی دیکەم بەلاوە جوان بێت!

لەمەولا حەولم دەدا بە وردی لە هەموو شـــتێکدا ورد ببمەوە و جوانێکانی بدۆزمەوە، بە شوێن جوانێکانەوە بووم تەنانەت لە دیواری قەڵەشیوی ژوورەکەشم...


پاشان کوتی: ڕەنگە تۆ لات وابێ من شێتم، بەڵام: "زندگی شستن یک بشقاب است"

کوتم: نا هاوڕێ گیان وا مەفەرموو.

ئێستا کە بیر لەو قسەیەی دەکەمەوە دەزانم کە لەڕاستیدا دەکرێ لە سڕینەوەی دەورییەک تا گوڵی چادانێک و کەوتنی گەڵایەکی زەرد لە دارێک و ســـەر هەڵدانەوە گیا و گژ لە خاکەلێوەدا و...

دەکرێ هەموو جیلوەی جوانییەکان بەدیی بکەین و پڕ بەدڵ پێیان دڵخۆش بین.

تەنیا دڵێکی بێ خەوش و چاوێکی گەشبینی گەرەک!



**چالاک عەرەبی**

## «بەربەسێڵ»

ئیشتیام لە بەربەسێڵ بوو، ئەویش بە ماستی خۆماڵی. شوێنی ژیانم جورێک هەڵکەوتبوو کە دەر و جیران کەمتر خۆیان لە خواردەمەنی خۆماڵی دەدا، بۆیە ناچار بووم بچمە نێو بازاڕ.

مانتۆکەم لەبەر کرد و لێچکەکەم بە سەرم دادا. لە ماڵێ وەدەرکەوتم. خودا وەکیلی کەش و هەواکەشی بابەتی پیاسە بوو، بڕیارم دا بە پێیان بڕۆم. نزیکی ساعەت ١١ دەبوو و زۆربەی خەڵک لە نێو بازاڕ بوون، دووکاندارەکانیش لە بێکارییان هاتبوونە دەرێ. بە ڕێگادا دەڕۆیشتم و بیرم لە بەرنامەی ئەو ڕۆژەم دەکردەوە لەپڕدا لاقم پێچی خوارد و وەرگەڕا.

پیاوێک کوتی یا ئەڵڵا کچم هۆشت لە کوێ بوو؟

کچێک پێکەنی، کابرایەکی دووکانداریش هەڵی دایە نەکەوی خڕێ گیان! لە شەرمان سەرم داخست و چاوم لێ نەکردن و بە ڕێگەی خۆم دا ڕۆیشتم. گەیشتمە دووکانی ماست فرۆشییەکە و چوومە ژوورێ.

-سڵاو کاکە

-سڵاو خانم، بەخێربێی

-ستلێکم ماستی مەڕی چاک دەوێ.

-ماستی مەڕی چاک چییە؟ بۆچیتە؟

-مەبەستم ترش نەبێ، بۆ بەربەسێڵمە.

-بۆخۆت لێی دەنێی؟


-بەڵێ بەڕێزم.

-جا منداڵی وەک تۆ چوزانێ بەربەسێڵ لێ نێ؟! وشیار بە هەڵنەگەڕێ

-کاکە بۆم دانێ تکایە، پەلەم هەیە.

-باشە باشە، فەرموو .

پووڵەکەم دایێ و لە دووکانێ هاتمە دەرێ.



هەستم کرد لاقم ژانی هەیە و تۆزێکیش درەنگ بوو بۆیە چووم سواری تاکسی بووم. بەدوای مندا دوو پیاو هاتنە ناو تاکسییەکان، پیاو چ پیاو چوارشانە و قەڵەو. هەر خۆم خڕ کردەوە و ئەویش هەر جێی خۆی خۆش دەکرد .

-کاکە دەکرێ بێزەحمەت تۆزێک هەڵکشێن؟!

-جا خانم ماشێنەکە چکۆلەیە، ئەو پشتە هەر بەشی من و هاوڕێکەم دەکا، نارەحەتی دابەزە .

خۆم بۆ نەگیرا، کوتم کاکە ڕایگرە دێمە خوارێ، شۆفیر تاکسی پووڵەکەمی داوە کوتم کاکە هەڵیگرە. کوتی مەسیرێکی وا نەڕۆیشتووی خانم بۆم حەلاڵ نابێ! لێم وەرگرت و دابەزیم . هەر بەو مەسیرەی هاتبووم هەر بەوێشدا ڕۆیشتمەوە. کابرای دووکاندار هەر لەوێ ڕاوەستابوو، کوتی خانمۆڵێ هیچت لێ نەهات خۆ؟ !

داخ و خەفەتێک گەرومی گرتبوو نەمتوانی چی دیکە قەبووڵ کەم، کیفەکەم گرت و لە دمی کابرام ڕاکێشا و کوتم دەمری قسە نەکەی؟!

دەستی بە دمی گرت و ڕقی هەستا!

Nasir fethî

لە ترسانی نەمزانی چی بکەم و تا ماڵێ بە ڕاکردن ڕۆیشتم .

گەیشتمەوە ماڵێ، ستڵەکەم دانا، چما ستڵەکەش وە دەنگ نەهات!

کوتی وەیرۆ دەستت چەند گەرم و نەرم و نۆڵ بوو!!!

**بەربەسێڵ: ناوی چێشتێکی ناوچەی موکریانە.**

**کوردستان حاجبی**

# «(ئامۆژگاری) بۆ منداڵان»

ـــــ هاورێ کوڕی باش هەستە خۆر هەڵاتۆوە , دەست و دەم و چاوت بشۆ و وەرە نان و چا بخۆ و بڕۆ بە لای دەرسـەکانتدا . رۆڵە گیان کاتی تاقیکارییە , هەسـتە دەی کوڕی خۆم .دەخەوی شـــیرنـدا بووم , دەنگی دایکم هـاتە گوێم . لە جێگـاکەمـدا تلامەوە , ئەودیو ئەودیوم کرد . دیسان دایکم هەرای کردم , بێ فایدە بوو هەستام گوتم دایە گیان ئاخر من هەر لە سەر کلاسێ گوێ دەدەمە مامۆستاکەمو دەرسەکانم فێر دەبم , ئیدی پێویست ناکا ئەلان خۆم ماندوو بکەم.

ــــــ رۆڵە گیـان دەزانم ئەتۆ کوڕێکی زیرەکی , بەڵام ئەلان کـاتی تـاقیکـارییە و پێداچوونەوەیەک پێویســتە , هەسـتە دەی کوڕی خۆم خۆت مەخافڵێنە. منیش بە بێوازی دەسـتم دایە کتێبەکەم و چوومە بن داری حەسـارێ . ئاخر دەرسـەکانم هەموو دەزانی . بە نووکی میدادەکەم وەگیانی دارەکە کەوتم و لەســـەرم دەنووســـی . لە پڕ دەنگێک هاتە گوێم :

ـــــ هاورێ هاورێ , ئەوە بۆ ئاوا دەکەی ؟ ئەو میدادەم بۆ لە گیانی دەکوتی کوڕی باش . ئاخر وامەکە گیانم دێشێ چونکینێ زمانم نییە پێت وایە ناتوانم لە سەر خۆم بکەمەوە ؟ ئاخر کوڕی باش چاو ئەمن نسێم هەیە , میوەی جوانم هەیە , چاو ئەتۆ لە گەرمان هاتوویە بن نیسـێکەم هەتاکوو بحەسێیەوە , جا قەدەرێکی دیکەش میوەکەم دەگاتێ و دەیخۆی . کوڕی باش ئازارم مەدە . ئێمە هەموو گیانلەبەربن و موحتاجی یەکترین , ئەگەر ئەوڕۆ تۆ بە نووکی ئەو میدادەی دەمن بکوتی و ئاو و کوودم نەدەیەی , وردەوردە ریشـــەکەم ویشـــک دەبێ و لە بەین دەچم . هاورێ گیان ئەمن جیرانی تۆم . ئەگەر بۆ خۆمان قەدری یەکتر نەگرین و ئاگامان لە یەکتر نەبێ ئیدی کێ ئاگای لێمان بێ ؟ هەسـتە هەسـتە دەی توونیمە بڕۆ چۆڕێک ئاوم بۆ بێنە با ئاشـــت بینەوە. بە خۆمدا شـــکامەوە , ئاخر ئەوەی دارەکە دەیگوت هەمووی راست بوو . هەستامە پێ و شیلانگەکەم لە بن دارەکەی راگرت . هێشتا تەواو دارەکەم ئاو نەدا بوو , دیسان دایکم لە پەنجەرەڕا هەرای کرد.

هاوڕێ، هاوڕێ ئەوە چ دەکەی ؟ رۆڵە بەقسەم بکە، دەورێک بە دەرسەکانتدا وەرەوە.

**سوغرا ڕەزگەیی**

**تێبینی:**

**خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و دارشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.**



# تیۆری

## «شێوازی کلاسیک»

پێش ئەوەی کە بچینە سەر تایبەت مەندییەکانی شێوازی کلاسیک پێویستە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو شێوازە باس بکەین کە دەگەڕێتەوە سەر هۆگری و سەرنجی شاعیران و نوسەرانی فەڕانسەوی بە بزووتنەوەی " ئۆمانیسم" . ئۆمانیسم بزووتنەوەیەک بوو کە سەدەیەک بەر لەوەی کە فەڕانسەوییەکان بیناسن لە ئیتالیا و ئیسپانیا پێک هاتبوو. ئەم بزووتنەوەیە بەسەر بنەمای بۆچوونەکانی ئەرەستو و هەروەها ڕێسا و یاسای سەقامگرتوو و بەرچاوی ئەدەبیاتی یۆنان و ڕۆمدا ساغ ببۆوە، بەڵام بەم هۆیە کە ئیسپانیاییەکان حەولیان دەدا ئەم یاسای ئەدەبی یونانی و رۆمی و بۆچوونەکانی ئەرەستوو تێکەڵاوی ئەدەبیاتی ساماندااری خۆیان کەنەوە هەر نەیانتوانی بگەنە سەر شێوازێکی سەربەخۆ وەکی فەرانسەوییەکان توانیان. بەڵام هەرچۆنێکە بیرمەندانی فەرانسەوی حاشا لە کاریگەری بزووتنەوەی ئۆمانیستی ئەو دوو وڵاتە لەسەر چالاکییەکانی خۆیان ناکەن.

بزووتنەوەی ئۆمانیستی یان ئینسان گەرایی سەرەتا ئیتالیاییەکان لە رۆمییەکانیان وەرگرتبوو. رۆمییەکان لە کاتی خۆیدا بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە سەبارەت بەبەرهەمە کۆنەکانی یۆنانییەکان نیزامێکی ئەدەبی و فەلسەفییان بەناوی studia humanitatis واتە خوێندنەوەی ئۆمانیستی پێکهێنابوو و لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە لە ژێر سێبەری خویندنەوەی بەرهەمە کۆنەکان دەکرێ توانای هزری و مەعنەوی مرۆڤ بەرنە سەرێ تا سەرهەڵدا و ئینسانی تر و مەدەنیتری لێبێ. وشەی ئۆمانیسم بەمانای خوێندنەوەی ئازادبوو کە خوێندنەوەیەکی جیاواز بوو لە ئەدەب و خوێندنەوەی ئیلاهیات کە تا ئەوسەردەمی هەر لە خزمەت ئایینێکاندا دابوو. ئەو چالاکانە حەولیان دا بەستێنی هزر وخوێندنەوە لە ئینحساری ئایین و فێرکارییەکانی ئەو دەربێنن و ئەدەبیاتی ئینسانی بێننە گۆڕێ.

توێژەران و و رەخنەگران لە سەرەتای هاتنە گۆڕێی بابەتی کلاسیک هەتا کۆتایی سەدەی هەژدە ، تەمەنێکی بیست و سێ سەدەیی بۆ ئەم شێوازە قائیلن کە لە تەواوی شێوازەکاندا ئەم هەمووە تەمەن درێژییە بێ وێنە بووە. هۆکاری ئەم تەمەن درێژییە و بەسەر چوونی

دەسەڵاتی ئەم شێوازە لەم دوو سەدەی دواییدا دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە لەم دوو سەدەیەدا مرۆڤ بارتەقای هەموو سەدەکانی پێشوو لە داهێنان و ئیکتشافات و بۆچوونەکانی زانستی چالاک بووە و رەوتێکی بێوێنەی تیژ تێپەڕێ هەبووە. هەر ئەم دەسکەوتانە بەشی فەرهەنگ و ئەدەبیشی بەسەر دەیان شێواز و رەوتی نوێدا خستووە و پەرەی پێداوە. واتە هەر دیاردەیەکی نوێ هەڵگری شێوازێکی نوێ لە ئەدەبیشدا بووە.

ئەدەبیاتی کلاسیک بەم هەمووە رێسا و وردەکاری و فێرکاری پڕوەسواسی خۆی بەرهەمی ئەو وڵاتانە بوو کە بەشێک لە مێژووی شارستانییەت سازیان تێپەڕاندبوو و خاوەنی هێندێک ئاداب و ناوەندی فێرکاری و پەروەردەی بەرچاو بوون کە ئاستی ساقامگیر بوونیان گەیشتبووە خاڵی تەفاخور و تایبەتمەندی بەرچاو کە ئەدەبیاتەکەیان ببوو بە ئاوێنەیەکی باڵانوێن لەم ئاداب و یاسا و زەوابیتە تایبەتەی کە ئەرەستوو لە بووتیقای خۆیدا باسی لێکردووە.

**سارتێر لەم پێیەدا دەڵێ:** کلاسیسم ئەو کاتی پێکدێ کە کۆمەڵگا رواڵەتێکی سەقامگیری هەبێ و لە خەیاڵی هەرمان و ئەبەدییەتی خۆی نێوئاخن و ئەرخەیان کرابێ. ئەو کاتەی کە رێژەی خوێنەرانی بیلقووە هیچکات لە رێژەی خوێنەرانی **بیلفێعل** زیاتر نەبێ و هەر خۆێنەرێک بۆخۆی رەخنەگرێکی کارامە بێ بۆ نوسەر. ئەوکاتەی کە دەسەڵاتی ئیدیۆلۆژی ئایینی و سیاسی بگاتە ئاستێک کە هیچ کەس بە هیچ شێوەیەک بیر لە دۆزینەوەی هەرێمە نوێیەکانی هزر و ئەندیشەی دیکە نەکاتەوە . هەر بەرهەمێکی زەوقی نوسەر لە هەمانکاتدا کە دەستکردی نوسەری تاکە، بەشێکیشە لە ئادابی موعاشیرەتی خەڵک و شێواز بریتییە لە بەرزترین پلەی ریزی نوسەر سەبارەت بە خوێنەر، ئەم خوێنەرەش لە دۆزینەوەی بیرۆکە هاوشێوەکانی ئەو نوسراوە کلاسیکییەدا ماندوو نابن چۆنکە ئەم بیرۆکە نوسراوانە نوێنەری بیرۆکەی خۆیەتی کە بە شێوەیەکی رێک و پێک و هەڵەچن کراو نوسراونەتەوە. لەم شێوازەدا خوێنەران جگە لە رەوان ناسی خۆیان بەسەر بنەمایەکی سوننەتی هیچ ناناسن و بە تەمای ئەوە نیە بچێتە ناخی رەوانی ئەوانی تر و زانیارێکی نوێ لە ناخ و دەروون و هەستی مرۆڤ بدۆزێتەوە. **لە دەورەی دوور و درێژی بیست و سێ سەدەی کلاسیک دا دەکرێ چەندین دەورەی جیاواز بۆ ئەم شێوازە رەچاو گرین:**

ـ دەورەی یەکەم لەسەرەتای بەرهەم هێنانی یۆنانییەکانی باستان لەسەدەی پێنجی بەر لە میلاد دەس پێدەکا و تا سەدەی پێنجی زائینی کە ئیمپڕاتۆری رۆم دەڕووخی ، واتە هەزار ساڵ درێژەی هەیە. لە ماوەی ئەم هەزار ساڵەدا بەرهەمی یۆنانییەکان دوای ئەوەی کە لە هێڵەگی رۆمییەکان دەدرێ رۆژئاواییەکان دەگەڵی ئاشنا دەبن.

ـ دەورەی دووهەم لە سەدەی پێنجی زایینی دەسپێدەکا کە رۆژئاوا حەول دەدا بە تێکەڵاوکردنی میراتی شارستانییەتی رۆم و یۆنانی باستان زمانی هاوبەشی لاتین و سوننەتی ئەدەبی یۆنان بپارێزێ و تێی بگا تا ئەو جێگایە کە لە نوسەرانی سەدەی دوازدەی زایینی رۆژئاوا دا ئی وا دەبیندرێ کە تەواو بە سەر ئەم رەوتەدا نوسینەوەیان هەبووە و چاولێکەری لە قەواعید و یاسای شاعیرانی کلاسیکی ئەم شارستانە کۆنە زۆر بەرچاو دەبێتەوە.

ـ دەورەی سێهەم لە سەدەی دوازدە تا سێزدەیە کە رۆژئاوا دوای هەڵبژاردنی زمانی لاتین ئەو زمانەی کردە زمانی زانست و ئەدەب و لەبەرابەر دەسەڵاتی کلیسادا راست بۆوە. لەم دوو سەدەیەدا تەواو بۆچوونەکانی ئەرەستوو و ئەفلاتوون رەچاو دەگیرێ و لە شێعر و شانۆ و نووسینەوەدا بەوپەڕی پەیڕەوییان لێدەکەن. بەڵام لەسەدەی سێزدەدا کە هاوکاتە دەگەڵ راپەرینی خەڵک و رزگاری لەژێر دەسەڵاتی زۆردارانەی کلیساکان بزووتنەوەی ئۆمانیستی و شۆرشی ئەدەبی رۆنێسانس لە گەڕ دەکەوێ و بەر لە هەموو شت چرژێک و لادانێک لە زمانی لاتیندا پێکدێ. رووخانی ئیمپڕاتۆری رۆم، سازبوونی بیرۆکەکانی نەتەوەیی بە دواداهات هەروەها سەرنج بە رابردووی ئاداب و کەلتوور و داخوازە هاوبەشەکانی ناوچەیی و نەتەوەیی ، هەستی بێگانەبوون لە نەتەوەکانی تر، سەرنج بە زمانی نەتەوەیی لە هەر کام لەم وڵاتانەدا جێی بە زمانی لاتین لەق کرد. بەتایبەتی وڵاتانی ئیسکاندیناوی و ئینگلیستان یەکەم وڵاتانێک بوون کە بە زمانی دایکی خۆیان زمانی لاتینیان وەلا نا.زەربەی دووهەم ئەقوامی ژێرمەن و زەربەی سێهەم فەڕانسە لەم زمانەیان وەشاند و لانی کەم پێنج سەدەی پێچۆ.

ـ دەورەی چوارەم لە کۆتایی سەدەی سێزدەیە تا سەرەتای سەدەی هەژدە. لە کۆتایی سەدەی سێزدە نوسەران کۆک بوون بەسەر فێرکاری و بڵاو کردنەوە و پەرە پێدانی بۆچوونەکانی رۆم و یۆنانی باستان بە سەر زمانی بوومی و نەتەوەیی دا، هەرچەن سەرەتا ئۆمانیستەکان زمانی ناوچەیی و نەتەوەییان پێ هەژار و مردوو بوو و گاڵتەیان پێدەکرد بەڵام سەرەنجام بەسەدان نوسەری مەزنی کلاسیک لە ماوەی سەدەی شازدە تا هەژدە بە زمانی نەتەوەیی خۆیان بەرهەمیان هێنا و سەریان هەڵدا.

هۆکاری سەرنج و هۆگری رۆژئاوا بە شێوازی کلاسیکی رۆم و یونانی باستان بریتین لە:

ـ نەبوونی سوننەتی ئەدەبی بەرچاو لە ناوچەی خۆیاندا بوو بە هۆی سەرنجی تایبەت بە بەرهەمە بەرچاو و مەزن و پڕبایەخەکانی یۆنانی کۆن کە سەرنجی هەر کەسێکی بۆلای خۆی رادەکێشا.

ـ گوشار و توند و تیژی کلیساکان بوو بە هۆی روو وەرگێڕانی نوسەران لە کلیساکان و رووکردنیان بە بەرهەمەکانی یۆنانی کە لە تەعەسوباتی ئایینی بە دوور بوون و بەوپەڕی جوانیکاری و وردەکاری سەیر و سەمەرەی تێدا بەدی دەکرا .

ـ فەلسەفەی ئۆمانیستەکان باوەڕ بە خۆ و ئینسان گەرایی پەرە پێدا، بە پێچەوانەی سەدەکانی ناوەندی کە هەموو چاویان لە ئاسمان بوو، ئومانیستەکان گەڕانەوە سەر زەوی و لەسەر زەوی لە هەبوون و ئینسانییەت و ژیان دەگەڕان. ژیانی ئەو جیهانە لەبەرابەر ژیانی جیهانی دیکەدا بە ماندووبوونێکی زۆر پڕ ژان و مەینەت لە لایەن ئۆمانیستکان لەبەرابەر کلیساکاندا پەرەی پێدرا .

ـ کلاسیسم شێواز و مەکتەبی عەقڵە، ئۆمانیستەکان ئەم زانایی و عەقلییتەیان پەرە پێدا و بزووتنەوەی رۆنێسانس لە بنەماڕا داڕێژەری سەرنج بە زانایيە، بەڵام رۆژئاواییەکان زۆر زیاتر لە ئەرستوو لەبابەتی عەقڵ دا قەرزداری فەلسەفەکانی دێکارتن.

سەرەتا با ئەوەمان لەبیر بێ کە هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی نوسەری شێوازی کلاسیک بریتییە لە : یەک یاسا، یەک ئایین، یەک پاشا. کلاسیسم ئەو واتایانە بە حاشا هەڵنەگر و نەگوڕ دەزانێ. ژیانی دەربارییەکان زۆر بە شکۆ و بەپێی ئادابێکی تایبەت و پەروەردەیی بووە و لەبەر چاو نەگرتنیان دەبێتە رەوتێکی عامیانە و نەخوێندەوارانە. کە وابوو بەرهەم و نوسەری ئەدەبیش دەبوو تابعی هێندێک قەواعید و ئینزباتی پەروەردەیی و کلاسیک بن. کەوابوو سەرەڕای تەمەنی هەزاران ساڵەی ئەم شێوازە، بۆیە کوتمان کە مەکتەبی کلاسیسم لە سەدەی حەفدە لە فەرانسە سەری هەڵداوە، چونکە لەم سەدەیە دابوو کە ئەم شێوازە هێندێکیان یاسا و قەواعید بۆ رەچاو گرت کە بریتی بوون لە:

ـ گەڕان بە دوای تەعادول و کەماڵ. جیاوازی بنەڕەتی کلاسیسم دەگەڵ رەوتی پێش و دوای خۆی لەوە دایە کە کلاسیکەکان بە دوای تەعادولی دەرونی و قوڵدان لە نێوان جەوهەری زەینی یا عاتیفی بەرهەمی ئەدەبی و ئەو قالیبەی کە بەرهەم بە یارمەتی ئەو دەخوڵقێ و لە نێوان تواناکانی پڕهەرای ئەوین و عاتیفە و زەین کە ئاگاداری ئەوانە، ئەگەر نەتوانێ بەسەریان دا زاڵ بێ، لانی کەم بۆ سەر رێگایەکی دیاری کراودا رێنوێنییان دەکا. و ئەم تەعادولە بە سلامەتی رەوانی تەعبیر دەکەنەوە. هەرچەن زۆریەک لە نوسەرانی کلاسیک هەستیان بە ئەم مەترسییە کردبوو کە لغاوەکردنی هەست و رەوان و عاتیفە دەتوانێ مرۆڤ ناتەواو نیشان بدات، بەڵام بەردەوام بوون لەسەر ئەوە کە پێویستە مەتین و ئارام بنەوە و باسی ئەو خۆشییە بکەن کە لە دوای دەستەمۆ کردن و کۆنترۆڵ کردنی هەیەجانی ئەوتۆ و خەون و خولیای زیادی تووشی مرۆڤ دێ و بە کەماڵ دەگا و موتڵەق چاک دەبێ، واتە لە جیاتی بیر لە بێنهایەت بوون بکاتەوە بیر لە کەماڵ و موتڵەق بوون بکاتەوە.

ـ چاولێکەری لە سروشتی ئینسانی لە جیاتی باسی گوڵ و باران و کێو و هەموو ئەو ڕەنگانەی لە دەرەوەی ئینسان ڕاوەستاون. لە سروشتی ئینسانیش باس لەو خەسلەتانە بکرێ کە تایبەت بە ئینسانە وەکوو هۆگری و خۆشەویستی و لەچەری و دەست بڵاوی و .... و بە پێویستیان نەدەزانی کە باسی خەسلەتە غەریزییەکانی بەشەر بکەن کە خاڵی هاوبەشی ئینسان وحەیوانە و پێیان وابوو کە بایەخی مرۆڤ لەوانە زیاترە کە ئاماژە بە بەشی غەریزی ئەو بدرێ .

ـ چاو لە ڕابردوو بە هۆی بەرهەمە مەزن و ڕازاوەکانی یۆنان و ڕۆمی باستان. و تێک شکاندنی سوننەتی نوسینی یۆنانی باستانیان بە تاوانێکی گەورە دەزانی.

ـ داشداری و بەدواداچوونی عەقڵ و مەنتیق. دکارت دەڵێ عەقڵ بە یەک ڕادە بەسەر ئینسان دا، دابەش کراوە تا بەمجۆرە فەرهەنگێکی جیهانی و بناغەیەکی هاوبەش بۆ زانست دارێژن، بەڵام هەمو نووسەرانی کلاسیک ئەوەیان ڕەچاو نەگرت چونکە پێیان وابوو عەقڵ مەودای ئیحساس و خەیاڵ بەرتەسک دەکاتەوە  کە بنچینەی بەرهەمەکانی یۆنانی باستان بوو.

ـ ئەخلاق گەرایی واتە مەبەستی نووسەر دەبێ خزمەت بە ئامانجە گەورەکانی مرۆڤ بێ و جوانیکاری و چێژبەخشین دەبێ لە خزمەت نەتیجەیەکی ئەخلاقیدا بێ.

ـ ڕەوان نوسین و کورت بڕینەوە و خۆ پاراستن لە درێژدادڕی و وشەی سەقیل و دژوار، ڕاسین دەڵێ زمانی کلاسیک بەربڵاو نیە و مەجالی کەمە.

ـ ڕاستەقینە نواندن لە جیاتی باس کردن لە ڕاستەقینە، واتە باس لەو شتانەی کە دەکرێ وەراست گەڕێن نەک ئەو ڕاستەقینەیەی لەبەر چاوە.

ـ یاسای چوار وەحدەت و یەکانەیی وەحدەتی کات واتە کات زۆر بە ئاقاردا نەڕوا لە کاتێکی دیاریکراودا دەسپێبکا و بە شێوەی خەتتی لە کاتێکی دیاری کراودا کۆتایی پێبێ، وەحدەتی شوێن واتە شوێنێکی تایبەت باس بکرێ و بەربڵاو نەکرێتەوە وەحدەتی بابەت واتە باسێک و ڕووداوێکی تاقانە لەبەرچاو بگیرێ و هەرچی باسی دێتە گۆڕێ بەیەکەوە پەیوەندییان هەبێ و باسی جیاجیا و سەربەخۆ نەیەتە نێو بابەت. وەحدەتی لەحن واتە لەسەرەتاوە تا کۆتایی یان لەحنی حیماسی یان کۆمێدی یان .... و ئیتر ئەم لەحنە تا کۆتایی بپارێزرێ.

ـ ڕازاندنەوەی دەق بە شێوەیەکی موتەعادل و چێژ بەخش و خۆپاراستن لە وشەی ناحەز و عامیانە.

هەروەک دەزانن ئێستا شێوازی کلاسیک بە شێوازێکی سوننەتی دەناسێندرێ و ڕەخنەگرانی مۆدێڕن حەولیانە تا فێرکارەکان بە وتەی خۆیان لەم شێوازە قەراردادی و

نێوپووچ و رووکەشییە دوور راگرن، بەڵام هۆکارەکەی چیە کە ئەم شێوازە چ بە شێوەی ژێرزەمینی و چ بە شێوەی ئاشکرا بەردەوام لە نئۆکلاسیکەکاندا خۆی پاراستووە و حەول دەدا نەوژەن بێتەوە؟ ئەگەر وابزانین کە ئەوە تەنیا دەگەڕێتەوە سەر نەخوێندەواری و ناشارەزایی هێندێک لە نووسەران کە فامی مودێڕن ناکەن بەهەڵە دا چووین.

گرینگتر لەوبەشە بەردەوامی رەوتی باوک سالارانەیە لە زۆربەی وڵاتاندا. زاتی کلاسیک بەسەر بنەمای حیماسە و رێزگرتن و گەورەکردنەوەی پیاو و باوک سالارە. کە بەتایبەتی لە وڵاتانی وەک ئێمەدا ئایین کە تەواو نەفسێکی پیاوسالارانەی هەیە نەوژەنی کردۆتەوە. تەنانەت لە رۆژئاواش لەسەدەی بیست نوسەرانی وەکوو جویس و ئۆلیوت بە شێوەیەکی نوێ لە ماکە و عەناسوری چیرۆکی کلاسیک کەڵک وەردەگرن. خو و خدەی کلاسیک دەگەڵ روانگەیەک بەرەوڕوویە کە لەودا لە خۆی دێتە دەرێ و " من" تێپەڕ دەکا تا بگاتە " ئێمە " بە شێوەیەک کە نەکرێ جۆرێکی موتڵەق باسی تاک بکرێ، نوسەری کلاسیک لە تاکی موتڵەق چاوپۆشی دەکا تا دەستەیەک و چینێک هاوکات نیشان بدات. بۆ ئەو کارەش چین و دەستە دەکاتە بوونەوەرێکی هەموو کاتی و هەموو شوێنی. بۆ وێنە " ئولیس " کە لە بەندەرێکەوە بۆ بەندەرێکی دیکە ئاوارەیە نوێنەری تەواوی ئەو خەڵکانەیە کە بەندەری دایکیان ون کردووە و ئیتر تەنیا سەر بە یۆنانی باستان نیە بەڵکوو دەبێتە هەموو شوێنی، هەروەها سەر بە کاتێکی دیاری کراویش نامێنێ و دەبێتە نوێنەری هەموو ئەو چاخانەی کە مرۆڤ بە دوای ون بوویەکی خۆیدا دەگەڕێ کە وابێ دەبێتە بوونەوەرێکی هەموو کاتی و نیمادینیش. هەروەکی "هاملێت" ئیتر تەنیا باسی کوڕێکی دانمارکی نامێنێ و یان "ئۆدیپ" کە دەبنە هەموو کاتی و هەموو شوێنی. ئەو چەشنە کەسایەتییانە بێ هاوتا و تاقانە نین دەنا هەموومان دەگەڵ ئەوان هۆوییەتی هاوبەشمان نەدەبوو بەڵام مەزنن بەم هۆیە کە ئەوەندە بەرفراوانن کە لەوانەیە هەموو تیپێک لە خۆیاندا جێ کەنەوە. و بە وتەی ئەرەستوو بەرەو پێگەیەکی جیهانی دەڕۆن. کەوابوو چاو لە ئاکاری گشتی مرۆڤ رێگا بە خەیاڵ بەرتەسک دەکاتەوە. لە شێوازی کلاسیکدا حەول دەدرێ مرۆڤ بە شێوەیەکی راوەستاو بە پێی سیستەمێکی رێک و پێک ، دەگەڵ هەل و مەرجێکی سەقامگیر و بنەماخواز رێک خرێ. کەوابوو بە پێی سیستەمی پەروەردەی بەتەشریع کراوی وڵاتانی وەکوو وڵاتانی ئێمە بەردەوام بە ئاگایانە و نابەئاگا نووسەر هۆگری بۆ نووسینی ئەم شێوازە کلاسیکە دەمێنێ و ئەم هۆگرییە تەواو گرێدراوە بە دۆخی کۆمەڵایەتی ئەو.

**ئەنواعی ئەدەبی لە شێوازی کلاسیکدا:** حیماسە و رۆمان، تێراژێدی، کۆمێدی.

شێعرەکانی شوانی، ئەشعاری غەنایی، ئەشعاری هیجایی.

ـ مەزن بوونی رۆمانی ئیلیاد و ئۆدیسەی هۆمر ، بوو بە هۆی ئەوە کە لە نێوان ئەنواعی ئەدەبیدا حیماسە لە پلەی یەکەم دابێ و لانی کەم زۆربەی نووسەرانی شێوازی کلاسیک حەولیاندا بەرهەمێکی حیماسی لەشێوەی بەرهەمە کۆنەکان بنووسنەوە. بەشێکی بە هۆی هۆگری بە شکۆ و عەزەمەتی قارەمانانی نەتەوەیی خۆیان و هۆگری بە ساز کردنی هۆوییەتێکی نەتەوەیی وەک فەخرێکی نەتەوەیی تا پازێلی مێژووی شارستانییەتی خۆیانی پێداریێژنەوە. و حاشاش لە کاریگەری ئەم چالاکییە گرینگە ناکرێ و ئێستا ئێمە هۆییەتی نەتەوەیی و قارەمانەکانی شێلگێڕی مێژوویی و رابردووی پڕحیماسەی  زۆریەک لە وڵاتان بە هۆی ئەم رۆمان و قارەمانانەیانەوە دەسەلمێنین کە نووسەرەکانیان خۆیان بۆ ماندوو کردوون. بۆشاییەک کە هیچکات لە ئەدەبیاتی کوردیدا دا پڕ نەبۆوە . جگە لە چەن کارێکی کە ناکرێ هەروا بە ئاسایی بە تەنیشی دا تێپەڕین وەکوو رۆمانی دەغدوو لە نوسراوەی خوسرەوی جاف کە لە شێوازی سور رئالدایە بەڵام بە پێی ماهییتەوە کلاسیکە، وەکوو میرزا و هاوارە بەڕەی میرزا فەتاخانی ئەمیری ، وەکوو هەوارە پاییزی ئاغای محەممەدی و .... بەڵام ریژەی ئەو رۆمانانە هێچکات نەگەیشتۆتە ئاستێک کە ببێتە ئاوێنەیەکی باڵانوێن لە شێلگێڕی و حیماسەی هەموو ئەو قارەمانانەی لە رابردوودا چالاکیان هەبووە. شێوازی کلاسیک لەئەدەبیات دا هەڵگری ئەوە بوو کە بەشێک لەشارستانییەتی وڵات داریێژێتەوە، وەکوو زۆربەی رۆمانەکانی کلاسیکی رۆژئاوا، بۆ وێنەی سەفەرنامەی ماژێلان کە باسی چۆنییەتی دۆزینەوەی قاڕەکان و ئەقیانووسەکانە لە لایەن ماژێلانەوە و راگرتنی ئەو کەشتییە لە مووزەی ئینگلیستان و نوسینی ئەم ڕۆمانە لە پەنا ئەودا دەورێکی گرینگی هەیە لە داڕشتنەوەی ئەم سەفەرە حیماسی و شارستانییەت سازە دا، یان رۆمانی پارێزگاکانی نایەک گرتوو کە باسی چۆنییەتی یەک بوونەوەی وڵاتی ئامریکایە، یان رۆمانی بەر لە تۆفان کە باسی شۆرشی کەبیری فەڕانسەیە لە دە بەرگ دا و... شانامەی فێردۆسی کە لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەیی فارسەکاندا دەوری هەبووە و... بەڵام لە پەرتووکخانەی کوردی دا جێگایان بە تاڵە. هەروەها لەبەشی ئەویناری دا شاکارەکانی کلاسیکی دنیا بەردەوام لە سەرەوەی پەرتووکخانەکاندا کە بە زۆربەی زمانەکانی دنیا وەرگێڕدراونەتەوە، دەدرەوشێنەوە بەڵام حیماسەی ئەویندارانەی وەک زۆربەی بەیتەکانی کوردی کە هەرکامیان هەڵگری رۆمانێکی حیماسی ئەویندارانەن بەردەوام لە گومنامیدا ماونەتەوە و بکارەتی خۆیان هەر بەو شێوەی سەرەتایی کە داریژراون پاراستووە. ئەگەر ئۆسکاڕمانێکی رۆژهەڵات ناس نەبا لەوانەبوو ئەوەندەش نەمابان.

ـ تراژێدی : ئەرەستوو دەڵێ تێراژێدی بریتییە لە لاسایی کردنە و داڕشتنەوەی رووداوێکی جیددی و تەواو بە گێڕانەوەیەکی رازاوە بەکەڵک وەرگرتن لە ترس و روحم و عاتیفە بۆ خاوێن کردنەوەی زاتی مرۆڤ لە چەپەڵی و گەندەڵی. کە زۆرتر مەبەستی لە شێعر بووە،

وەکوو لە هێندێک لە بەیتەکانی کوردی دا وەکوو بەیتی سەیدەوان ئەم تێڕاژێدییە لەوپەڕی خۆێیدایە. بەڵام لە دوایی دا چیرۆکنووسانی کلاسیک لە رۆمان و شانۆ دا ئەم عەناسورەیان بەو پەڕی خۆی گەیاند و بۆ ماوەی سەدان ساڵ بەستێنی ئەدەبیاتیان پێ رازاندەوە.



Diako dadgar

## نموونەیەک چیرۆکی کلاسیک لە حەکایەتەکانی لافۆنتن:

## «گورگ و سەگ»

سەگەکان وەها ئاگادارییان دەکرد کە گورگ بیوونە پارچەیەک لە پێست و ئێسک. ئەو گورگە سەگی مێگەلێکی دیت تێر و تەسەل، بەتوانا و جوان. کۆک و پۆشتە و خۆش ئاو و رەنگ کە رێی لێ ون ببوو. ئاغا گورگە بە باشی دەیتوانی بکەوێتە سەری و ونجڕ بە ونجڕی کا. بەڵام دەبوو بەشەڕ هاتبا و سەگەکەش لە ئاستێکدا بوو کە بتوانێ ئازایانە لەسەر خۆی وەجواب بێ. بەم هۆیە گورگ بە دوورەپەرێزییەوە لێی دەچێتە پێش و دەس دەکا بە پێ هەڵکوتن و زمان رێسی و باسی جوانی ئەو دەکا.

سەگ لە جوابدا دەڵێ:

ـ بە دەس خۆتانە ئاغای جوان کە ئێوەش وەکوو من تێر و تەسەل بن. بەڵام واباشترە سەرەتا دارستان بە جێ بێڵن. ئی وەک جەنابتان لە وێ چارەڕەشن، لێقەوماوانی تەوەزەل، هەژار و نەدار کە چارەنووستان لە برسان مردنە. نە جێیەکتان بۆ پشوودان هەیە نە خواردنێکی بە چێژ، بۆ هەموو شتێک دەبێ دڕندانە بەشەڕ بێن.

بە دوای مندا وەرن چارەنووسێکی باشتروو دەبێ.

گورگ کوتی: من دەبێ چ بکەم؟


سەگ کوتی: لەوانەیە بڵێم هەر هیچ! ئەوانەی داردەستیان پێیە و ئەوانەی سواڵ دەکەن دوور خەیەوە. زمانرێسی بۆ ئەندامانی ماڵێ بکەی ، دڵی ئاغای راگری، لە ئاکام بە شێوازی جۆربەجۆر جیرەی تۆ دەچێتە سەرێ: ئێسکی مریشکی، ئێسکی کۆتری و لاواندنەوەی جاروبارەش لەوێ راوەستێ. گورگ وەها دەچێ لە خولیای ئەم ژیانە خۆشەوە کە دەس دەکا بە گریان. لە ماوەی رێگادا ملی سەگەکە دەبینێ کە مووی پێوە نەماوە ، لێی دەپرسێ : ئەوە چیە؟

ـ هیچ نیە نی، شتێکی گرینگ نیە. بەڵام قەللادەیەک دەبێ هەبێ کە لە ملمی بەستن. ئەوە جێگای ئەو قەللادەیە.

گورگ کوتی : کەوابوو ناتوانی هەر جێگایەک کە پێت خۆشبوو بچی؟

ـ نا ناتوانم بەردەوام هەر شوێنێک پێمخۆشبێ بچم.

ـ بەڵام ئەوە بۆ من ئەوەندە گرینگە کە هیچکام لەو شتانەی کوتت نامەوێ، بەم نرخە ئەگەر هەموو گەنجی دنیاشم دەنێ نامەوێ. ئاغا گورگە ئەوەی کوت و بۆی دەرچوو و تا ئێستاش ئەوە هەر هەڵدێ.



# چیرۆکی میوان

## «سیما دەبێ»

قوڵە ئاشنایەکمان هەیە ئەورۆ ئاوای دەفەرموو:

دەزانی چیە، ڕاستێیەکەی بڕیارێکم لە گەڵ خۆم داوە، پێم خۆشە ئی من بی... یەک پێکەنینم گرتبو، بەڵام هیچم وەسەر خۆ نەهێنا، کوتم با گوێیانی بۆ شل کەم دوایی تێر پێ کەنین دەبین لەگەڵ کچەکان بەشی ئەوڕۆمان دەکا! جا دەیان فەرمو ئەگە دەگەڵ من بی نە سەری خۆت بە دەرسێ وە دێشێنی و نە خۆ ماندوو دەکەی و خانم و خاتوون پاڵ دەدەیەوە، نە غەمی زێڕت دەبی و نە فکری کراسانت دەبێ بچو ١٠ کراسان بکڕە کەس دەست وەبەر دەستت ناگرێ، ئەتو پێ بکەنە ئەمن قاقایە و بازنێکت بۆ دەکڕم، هەر ئەوەندەشم لە تو دەوێ شادی و پێکەنینەکانتم پێ خۆشە... بەڵام یەک سێری شتیش هەیە دەبێ بیانگۆڕی! بۆخۆت دەزانی ئەمن کێم پێ دەڵێن... نێوەکەت زۆر خۆشە بەڵام زیادی تەکە، پێم خۆش نیە ئاوا لە بەر چاو بێ، لەکن من نێوێکی عادیت دەبێ، مەسەلەن سیما، ئا ئا سیما تەواوە.. ئەو لیباسە سەیرانەی بۆخۆشت پێت جوانن دەتوانی هەتبێت، بەڵام خۆ ئیشاڵڵا لە ماڵە مێردی ئەو شتە سۆیتەل پۆیتەلانە لەبەر ناکەی، ماقوڵ دەبێ بجوڵێیەوە! دوو، سێ حەبای لەو گرانانەت بۆ دەکڕم بە دڵی خۆت ئاڵ و گۆڕیان پێ دەکەی... بۆ خۆشم دەربەست لە خزمەتت دام ڕانەندەگیشت لازم نیە، ئەسلەن ژن هیندە خولانەوەی لە چیە، کارێک بو بۆخۆم جێ بە جێی دەکەم... شاخ و کێوی خان و تەورێزانت تەقاندەوە تێر گەڕان بوی بەسە ئیدی هێندە گەڕانە چیە!

ئەو فەیس بووک و شتەش ئی سەردەمی گەللۆرایەتێیە دەزانی بۆخۆشت ئیدی ، باشگا و شتیشم ئاگا لێیە دەچی تەبەقەیەکی بەتاڵ مان هەیە بۆت پڕ دەکەم لە ئاسنەواڵە تا فەڕخەڵێکمان دەبێ هەر هەڵات هەڵاتێ بکە بۆخۆت، دوایە سەری خۆشت پێ ناخورێ... ڕاستی ئەویە زۆرم کەیف بەو شور و شەوق و جۆنب و جوشە ت دێ، ئارەزومە یەکی وەک تۆ ماڵمان خۆش کا، بێ و قسەی زەلام زەلام بکا و لیباسی سور و شین دەبەر کا بەڵام، بەڵام، دیسانیش بەڵام، چوار چێوەی دیاری کراومان هەیە، لە قانونی مە لاق بردنە دەر حوکمی قورسی هەیە... ئەمن ئەوە قسە ی خۆم کرد، ئەتۆش هەفتێکت وەقت هەیە بە چاکی

فکری لێ کەوە، پێم خۆش نیە جوابەکەت نا بێ، دەزانی بۆ چون وەک وەیە بە تەپشۆ لە لولاکی خۆت داتاشی... ژیانێکت بۆ ساز دەکەم هەمو ڕەفیقەکانت لە حەسودیان واق بمێنن. نیشەم شکا، خێنم بەستی، ئاخە بۆ ئەوەانە بە من دەڵێ.... کوتم کاک هەرامە بارگەت لە جێیەکی خەراپ لە عەرزێ داوە، ئەمن سیما نیم. ئەمن یوکابێدم، یوکابێد زۆری دەرسەکەی خۆش دەوی، عاشقی وەرگێڕانە، شۆفیری شەخسی پێویست نیە و کارەکانی بۆخۆی دەکا، لاپەڕەی فەیس بووک و ئینستاکەشی زۆر دڵ پێوەیە، جارێ زۆر شاخ ماوە نەیدیتون و بە زویی دەچێت، لیباسە ڕەنگاوڕەنگەکانیشی ناگۆڕێتەوە بە هیچ حەبایەکی گران، باشگا چونیش بۆ سلامەتی هەموان پێویستە، تەنەکەسازیش نیم هێندە بازنانە چ لێبکەم؟! بەزازیش نیم ١٠ کراسان وەخۆ هەڵاوسم... بەڕێزت بچو بە دوای سیما دا بگەڕێ، ئەمن سیما نیم... ئەمن یوکابێدم... پلانەکانی تا یەک ساڵی داهاتوشم دیارن و هەر هەموشی پێچەوانەن لە گەڵ ویستەکانی بەڕێزت.



ئەمن قۆناغی MAکۆتایی پێ دێنم و پاشانی دەڕۆم بۆ فێر بوونی زمانی فەڕانسە و دەبم بە ٥ زمانە، دەچم بۆ فێرکاری عەکاسی، هەموو مانگان ٢ کەڕەت شاخ چونم هەیە، موسیقاش درێژە پێ دەدەم. هیوایەکی زۆر گەورەشم، فێرگەیەکی خێر خوازیە، بتوانم داینێم و هەمو مندالە نەدارێک بێت و ئامێرێکی موسیقی بژەنێت، زمانێکی بیانی فێر بێت و سالانە دو جار تامی سەفەر بچێژێت. هیوامە هیچ منداڵێکی شارەکەم بێ بەش لە زمان و هونە ر و گەڕان نەبێت.

زۆرم بە لاوە سەیرە بۆ دەبێ بۆ دڵی تۆ یوکا بم بۆ کن خەڵکی سیما!!!

**یوکابێد مامعەزیزی**

## «نێچیری وەرزەکان »

- هەر جارە و یەکێک دەبووە نێچیری!

- کەسانێکی تایبەتی هەڵدەبژارد؟

- ئێمە نەماندەزانی پێوەری بۆ ئەو هەڵبژاردنانە چی بوو!

- خەڵک چۆن لەسەری قسەیان دەکرد؟

- هەر کەسە و شتێکی دەگوت! یەکێک دەیگوت کاری خودایە؛ یەکێکی تر دەیگوت خەڵکی ئەم مەڵبەندە نییە؛ یەکێکیش بڕوای وابوو کە بەڵایەکە و لە ئاسمانەوە ڕسیانی کردووە؛ یەکێکی تریش کە بەردەوام بە شوێنیدا وەیلان بوو، دەیگوت کە هەر لەم گوندانەی دەوروبەر دەژیەت و ڕەنگە لە بنەگوێی خۆیشماندا بێت!

- خۆت گومانت لە کێ بوو؟

- دەمگوت کاری ئاژەڵێکە کە وەرزانە برسیی دەبێت.

- چۆن وەها بیرت دەکردەوە؟

- چونکە وەرزێک جارێک برسێتیی دەشکاند.

- دۆخی خەڵک چۆن بوو؟

- دۆخ زۆر شڵەژا بوو؛ خەڵک بڕوایان بە یەک نەمابوو. چەندین جار شەڕ لە نێوان گوندەکان هەڵگیرسا و لە یەکیان کوشت.

- چەند ساڵ وەها ژیانتان بردووەتە سەر؟

- لەو کاتەوەی من بوومە لەدایک!

- یانێ پێش ئەوە شتی وا ڕووی نەداوە؟

- نا.

- خەڵک سەبارەت بە تۆ چۆن بیریان دەکردەوە؟

- کەس ناوی منی نەدەبرد؛ چونکە باوکی من ڕیشسپیی گوندەکەمان بوو. ئاخرجار کە ناوی "پێڕەش"یان لەسەر من خست، کابرایان بە ژن و منداڵەکەیەوە لە گوندەکەمان دەرکرد.

- بۆچی؟

- چونکە ڕیش‌سپیی مەزنی گوند، منداڵی پێ‌ڕەشی نابێت.

- چەندێک دوای لەدایک‌بوونت ئەم کارەساتە دەستی‌پێکرد؟

- دەڵێن تەنیا ڕۆژێک لە باوەش دایکم بوومە؛ بانگی بەیانی تاکوو بانگی ئێوارە.

- یانێ یەکەم کەس دایکت بوو؟

- ئەرێ. دایکم یەکەم کەس بوو و یەکەم ژن.

- یانێ دوای دایکت...

- دوای دایکم، هەر وەرزێک و پیاوێک.

باران بە لێزمە دەستی‌پێکرد و نیگایان لە یەک دابڕا و لە پشت شووشەکەوە سەیری نێو شەقامیان کرد. شەشەمین جگەرەیشی ڕۆشن کرد و دووکەڵەکەی لە لووتیەوە هێنایەوە و گوتی: ((کاکە تکایە دوو قاوەی ترمان بۆ بهێنە.))

- چ دووکەڵێکی خەسە!

- ئەرێ! وەکوو ئەوەیە ژەنرابێتە بیرەوەرییەکانمەوە.

- دوای دایکت، هەر وەرزێک و پیاوێک! واتە منداڵ و ژن و تەنانەت کوڕیشی لێ نەبوو؟

- هەر وەرزێک و پیاوێک، جارجاریش لەو کوڕانەی کە کەڵەشێرەیان خوێندبوو.

- واتە ژن و منداڵ نەدەترسان بینە نێچیر؟

- نا؛ خەریک‌بوون دەتۆقین؛ منداڵ لە هەتیوی و ژن لە بێوەژنی.

- شێوازی کوشتنیان چۆن بوو؟

- زۆر سەیر! هەموویانی بە شێوازێک دەکوشت!

- چ شێوازێک؟

- یەکەم‌جار دەیخەساندن، دواییش...

- دواییش چی؟

مەراق قوڕگی دابوو بەیەکدا و نەیدەتوانی زوانی هەڵچەرخێنێت! لە بەکارهێنانی ئەو وشانە سڵی دەکرد و چاوی دەبووە گۆمەئاو، بەڵام یەک فرمێسکیشی نەدەڕژاند و لە پشت

شووشەی چاویەوە پەنگی خواردبووەوە. جگەرەی دەنایە جگەرەوە و قاوەی بە تاڵی دەنایەسەرەوە. لەو کاتەوە لێزمە دەستیپێکردبوو، کە قسەی دەکرد، دەلەرزی و جگەرە بە قامکەکانیەوە نەدەوەستا!

پێی گوت: ((باران دەستیپێکرد، تۆیش حاڵت شێوا!))

- ڕقمە لە دەنگی لێزمە.

- بۆ؟

- چونکە ئەویش ڕقی لێی بوو.

- کێ؟

- مامەم.

- چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟

- ئەو وەرزە باران لێزمەی دەکرد و شێتانە لەژێریدا سەمام دەکرد. باوکم لە ماڵەوە بانگی کردم و پێی گوتم کە مامەم بانگهێشت بکەم. ڕۆیشتمە بەر ماڵەکەیان و هەرچی بانگم لێی کرد، وەڵامی نەدایەوە! تاکوو مامۆژنم هاتە بەر پەنجەرەکە و پێی گوتم کە لە دوێنێ شەوەوە ڕۆیشتووە بۆ ڕاو و هێشتا نەهاتووەتەوە. لەم قسانەدا بووین کە لە مزگەوتەوە بانگەوازیان کرد: خەڵکی ئاوایی، ڕەحمەت لە باوکتان! لە دۆڵەکەی ڕیشسپیی گوندەکەمانەوە ڕووبارە خوێنێک دێت بەرەو خوار، تکایە هەمووتان لە بەر مزگەوتدا کۆببنەوە با بڕۆین بەرەو ئەوێ.

سەیرێکی دەرەوەی کرد و درێژەی دایەوە: ((هەر ئەوەم بیست، چیرۆکەکانی مامەم هاتنە پێش چاوم و بە گریانەوە و لە نێو ئەو قوڕاوەدا بە ڕاکردن بەرەو دۆڵەکەمان ڕۆیشتم. من یەکەم کەس بووم کە دیتم پیاوێک بە پێکانیەوە هەڵواسرابوو بە دارێکەوە و چ خوێن لە دەمارەکانیدا بوو، لە شادەماری ملیەوە ڕژابووە نێو ڕووبار! لەسەر ئەژنۆم وشک ببووم و نەمزانی کەی و چۆن باوکم لە ئامێزی گرتم! هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نەبوو بۆم کە گوتیان هی ئەویش بڕاوە.))

کە باوکی لە ئامێزی گرت، لێزمەیش تەواو ببوو؛ دەستیشی لە لەرزین کەوتبوو کە لێی پرسی: ((تۆ خۆت چەند دانە لەو مەرگانەت دیوە؟))

- هەموویم دیوە؛ ئەوەی لە گوندەکەمان بووبێت.

- دەکرێت چەند دانەم بۆ بگێڕیتەوە؟

- هەمووی وەک مامەم بوو...

- ئەی کەس بە تۆمەتی ئەنجامی ئەو کارە نەگیرا؟

- نا! هیچ بەڵگەیەک بوونی نەبوو.

لەو کاتەوە لە گوندەکەیان نەمابوو، ئیتر کەس نەیدیبوو! ڕووخساری خۆی گۆڕیبوو و نێرانە لە تاریکییەکانی شاردا خۆی حەشار دابوو.

پێنووسەکەی دانا و لێی پرسییەوە: ((کەی هاتیتە شار؟))

- دوای مردنی باوکم.

- چۆن بوو دوای مردنی باوکت کۆچت کرد؟

- کۆچم نەکرد، ڕامکرد.

- بۆ؟ لە ترس کێدا؟

- چونکە دوای مردنی باوکم، نێچیری وەرزەکان کۆتایی پێدەهات.

- چۆن ئەوەندە دڵنیا بوویت؟

- چونکە وەک تاکە منداڵەکەی، کاتێک لە باوەشمدا بوو و خەریکبوو گیانی دەدا، دەستی هێنا بە ڕوومەتمدا و پێی گوتم: ((وا مردم و نەمزانی تۆ لە کێ دەچیت کچم!))

**بێهزاد قادری**





Neeraj Rane